خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ دەقی «دوور مەبە لێم»ی هیوا عەبدوڵا زرگوێزی.. نووسینی: کارزان عزیز

کاتێک ساردبوونەوە دەبێتە مەرگی ڕۆح خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ دەقی «دوور مەبە لێم»ی هیوا عەبدوڵا زرگوێزی لە دیوانی «جریوەی ئەستێرەکان» (لاپەڕە ١٣ – ١٤، سلێمانی، ٢٠١٩)

لە لاپەڕەکانی ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، کاتێک دەقێکی دەداری دەتوانێت لە قاوخی لاواندنەوەیەکی کاتی و دەربڕینێکی سەرپێیی هەستەکان دەربچێت، دەبێتە ئاوێنەی تەواوی خەمە دەروونی و مرۆییەکانی سەردەمێکی. تێکستی «دوور مەبە لێم» لە دیوانی «جریوەی ئەستێرەکان»ی هیوا عەبدوڵا زرگوێزی، خاڵی کێبوونەوەی تەواوی ئەو بڕینە کەسی و کۆمەڵایەتییانەیە کە بە درێژایی دیوانەکە ئامادەییان هەیە. ئەم شیعرە تەنیا نامەیەکی دەستنگیی ئاسایی نییە، بەڵکوو بەرجەستەکردنی هاواری مرۆڤێکە کە لە ژینگەیەکی پڕ لە تەنیایی، مەرگی ئازیزان و بێئارامیدا دەژی؛ مرۆڤێک کە جارێک لە شیعری «یادێک بە مەرگی باوکم»دا بە کوڕ دەگری و جارێکی تر بە دەم زامەکانی کێرکووک و کارەساتی هەڵەبجەوە دەناڵێنێت. بە وەها کەسێک، عەشق سەرقاڵییەکی سەرپێیی نییە، بەڵکوو دوا پەناگەیە کە دەتوانێت ڕۆحی لە دامان بپارێزێت، و هەربۆیە کاتێک لێم دوا قۆناغشدا هەست بە لەژی و ساردبوونەوە دەکات، هەموو جیهانبینیی بەسەر یەکدا دەووخێت.
دەستپێکردنی تێکستەکە بە گازندەیەکی بەسوێ لەسەر پرسی چاوەوانی و سەیرکردن، دەستبەجێ دەست دەبات بە بڕینێکی دەروونیی قووڵ کە بریتییە لە «پەویستیی بینراوبوون». لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا، تووڕەیی یان دەمەقاڵێ هێندەی بێدەنگی و چاولادان ئازاربەخش نییە؛ چونکە تووڕەیی هێشتا نیشانەی ئەوەیە کە بەرامبەرەکە ددان بە بوونتدا دەنێت، بەڵام چاولادان و چاودزینەوە بێدەنگ پێمان دەڵێت کە بوونت لە بنەڕەتەوە سڕاوەتەوە. شاعیر گلەیی ئەوە دەکات کە یار لە بەردەمیدا ڕۆ دەکات و لێی نزیکە، کەچی چاوی لە دەدزێتەوە و ئاوڕی لێ ناداتەوە. لەڕدا نیگا ناکرێتە ئێندامێکی سادەی جەستە، بەڵکوو دەبێتە پێنجەرەی ناسینی گەردوون؛ کاتێک عاشق دەڵێت

چاوەکانم بەجگە لە تۆ کەسی تر لە دوای تۆ نابینن، دەست دەکات بە نابیناکردنی بۆنەقەستی خۆی لە ئاست هەموو جوانییەکانی تری دنیا و هەموو بوونی لە یەک نیگادا کورت دەکاتەوە، کەچی کاتێک لە بەرامبەر ئەم خۆبەدەستەوەدانەدا هیچ گەرمییەک نابینێت، شەکەکی قورس بەر هەشیاریی دەکەوێت. ئەم ئامادەبوونە جەستەییە بە بە هەستپێکردن، دەندەترین جۆری تەنیایی دروست دەکات، چونکە مەودای فیزیایی تەنیا چەند هەنگاوێکە، بەڵام دەکان بە ئەندازەی هەزاران فرسەخ لە یەکتر دابڕاون.

ئەم دابڕانە لەوەدا دەگاتە لووتکەی بریندارکاتێک شاعیر لاپەڕەکانی مەژووی پێوەندییەکیان هەڵدەداتەوە و یادی «فرەمسکسین» دەهێنێتە پێشەوە. ئەم یادکردنەوەیە دەیسەلمێنێت کە ئەفینەکەیان سەرەتایەکی لەناکاو نەبووە، بەڵکوو لەسەر هاوبەشیی ئازار و بەزەیی بونیاد نراوە؛ چاوی مەعشووق لە ئابردوودا پەناگەیەک بووە کە فرەمسکی چاوی عاشقی سەیوە و لە دامان پاراستوویەتی، بەڵام ئێستا پارادەکسێکی سەخت دەخوڵقێت کاتێک هەمان ئەو دەست و چاوەی دونیا دەرمانی ساڕێژکردن بوون، ئەمڕۆ خەیان دەبنە خودی بریندەکە. کاتێک مرۆڤ لە لایەن کەسێکی بگانەوە بریندار دەکرێت بڕگەی دگرێت، بەڵام کاتێک پەناگە هەمیشەییەکەی لێی هەڵدەگەڕێتەوە، هەموو باوەڕ و متمانەی بە وەفاداری هەڵدەوەشێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، عاشق توانای هەرسکردنی ئەم دابڕانەی نییە، چونکە دانپێدانان بەوەی کە ئیتر لای یار هیچ بەهایەکی نەماوە، بە مانای وەرانبوونی تەواوی کەسایەتیی دێت. لەرەوێیە کە سیستەمی بڕگریی دەروونی کار دەکات و عاشق پەنا دەباتە بەر وشەی «بەهانە» و دەنەوایی خۆی دەداتەوە کە یار لە ناخیدا هەر دەیسووتێنێت و ئەوەی دەیکات تەنیا بیانوویەکی ووکەشە. چەمکی بەهانە لە کەمەگەی کوردیدا تەنیا فەنکی کەسی نییە، بەڵکوو دیوارێکی ئەستوورە لە ترسی خەزان، دابونەریت و دەمی خەڵک؛ لە ژینگەیەکی داخراودا زەر سەزی پاک لە ترسی لەمەکردن پەردەپۆش دەکرێن، و شاعیریش بە هەنانەپشتەوەی ئەم چەمکە دەیەوێت یار لە تاوانی دەڕەقی بەبەری بکات و گوناهەکە بخاتە ئەستۆی بەربەستە کەمایەتییەکان تا بتوانێت پیرەزیی ئەم عەشقە لە ناخی خۆیدا بپارێزێت.

ئەم پەرەشیینە کاتێک قووڵتر دەبێتەوە کە شاعیر دەست بە هەمای دەرینی «ئاتەشگا» دەبات؛ ئەو شوێنە پیرەزەی کە لە مەژووی دەرینی ناوچەکەدا ئاگری نەکوژاوەی تەدا پارێزراوە. زرگوێزی دەی یار دەکاتە ئاتەشگایەک کە ئاگری عەشقی خۆی تەدا دەسووتێت، بەڵام بە پێچەوانەی سروشتی پەرستگە، مەعشووق خۆی بە تەواوی لەو گەڵ

بێئاگایی و هیچ هەستێکی پێ ناکات. عاشق وەک قوربانییەکی فرامۆشکراو لە ناو پەرستگەیەکدا دەبێتە خۆڕاکی خودا وەندەکەی تەنانەت دووکەڵی سووتانکەشی نابینێت، و ئەم نائاگاییەش ئازارەکە دوو هێندە دەکات.
هەر لەسەر ئەم هێڵە، شاعیر بە تەواوی لە نەریتی کلاسیکی ئەدەبیاتی کوردی (لە نموونەی دەقەکانی نالی و سالم) جیا دەبێتەوە؛ ئەگەر شاعیرانی پێشوو فەخریان بەوە کردبێت کە سینگیان بکەنە نیشانەی تیری موژگانی یار و بریندار بوون مایەی سەربەرزی بووبێت، زرگۆزی وەک مرۆڤێکی مەدەرنی ماندوو دەدوێت کە چیتر توانای کێشانی ئەم بارگرانییەی نەماوە. ئەو بە ئاشکرا داوا دەکات خوێنشتنی ڕەحی ڕابگیرێت و دەڵێت توانام نەماوە بە ئەم خەمە و با ئەقڵی لە بێت. ئەمە دەنگی مرۆڤی هاوچەرخە کە ئەوەندە لە جەنگ و شکستەکانی ژیانی دەروەدا زامدار کراوە، لە عەشقەدا تەنیا بە دوای هەمنی و ئەقڵگرتندا دەگەڕێت، نەک بە دوای بریندێکی نوێدا.
لەم پەناوشدا، ڕووبەڕووی قووڵترین چەمکی مرۆیی دەبێتەوە کە پرسی مەرگە. کاتێک شاعیر دەڵێت دەترسم ڕۆژی مەرگ بێت و تۆ من لە چاوەکانت دەربهێنیت، مەبەستی لەناوچوونی مادی و جەستەیی نییە، بەڵکوو مەبەستی «مەرگی ڕەحی»یە کە بریتییە لە سڕینەوە لە یادەوەریدا. لە ڕوانگەی عاشقەوە، مرۆڤ کاتێک دەمرێت کە لە بیری ئەو کەسەدا جێگەی نەمێنێت کە خۆشی دەوێت؛ بۆیە داواکردنی مانەوە لە چاوی یاردا، هەوڵێکە بۆ بەدەستهێنانی نەمری لە ڕوانگەی عەشقەوە، تا چاوی مەعشووق ببێتە دوا پەناگە و ڕح لە فەوتانی ئەبەدی ڕزگاری بێت.
هەرچەندە شاعیر باسی «نەشینی خەم» دەکات و خەم وەک ژەهرێکی ڕۆژانە دەنەشێت تەنیا لەبەر ئەوەی دیاریی یارە، بەڵام دەقەکە لە بەدەستهاتیدا نامێنێتەوە. لە دوا دێڕدا، کاتێک هاوار دەکات «با دێت تەنها هی من بێت»، شکەی عاشق سەر هەڵدەداتەوە؛ ئەو مرۆڤەی ئامادە بوو بسووتێت و بگری، سازش لەسەر کەسایەتیی خەی ناکات و بە پەیوەندییەکی نیوەچڵ و دابەشکراو ڕازی نابێت، بەڵکوو داوای دەستەبەرییەکی تەواو دەکات. ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە عەشق نابێت ببێتە هەی شکاندنی کەرامەتی مرۆڤ، بەڵکوو دەبێت لەسەر بنەمای هاوبەشیی دووڵایەنە بێت.
هەموو ئەم وێنە فیکری و سەزداریانە بە زمانێکی زەر پاک، ڕەوان و بگرە هاتوونەتە بەرهەم؛ زمانێک کە شاعیر تێیدا پەنای بە وشەی قورس و تەمومژاوی نەبردووە، بەڵکوو بە هەمان شێوازی ئاخاوتنی پاراوی خەڵکی سلێمانی پەیامەکەی گەیاندووەتە دڵی خوێنەر. هاوکات هەنراوەکە لەسەر کێشی هەشت بگییی کوردی (٤ + ٤) داڕێژراوە کە

بەهەی کـــــورتیی مـوودای بـگـکـــــان و ێیتمێ لـســـــەرخـکـیـوێ، لـەرینـوێـیـکـــی خـمگیـــــن بـێ دەقـکـێ دەبـەخشـــــت کـێ تـەواو لـگـەڵ هـەناسـەبـکـی دەڵـکی شکاو و چاوەڕوانـدا یـەکدەگـرتـوێ، بـێ جـەرەک دەقـکـێ شایستـەی ئـوێـیـێ بکـرێـتـێ گـەرانـیـیـکی کاریگـەر. بـەم شـوێـیـێ دەقی «دوور مـەبـێ لـەم» وەک پارچـێـیـکی دەگمـەن دەمـێنـتـەوێ کـێ تـێیدا سـەزی کـەسی و زامی گشتی تـەکـەڵ دەبن، تا بیسـەڵـمـێنـێت شاعیری کورد لـێ پـاڵ هـەموو بارگرانـیـیـێ مـێژوویـیـکانیدا، دەتوانـێت بـێ ناسکترین شـوێ گوزارشت لـێ تـەنیایی مرۆڤ لـێ بـەردەم ساردبوونـەوەی ڕەحدا بکات.
دەقـــی هـەنـــراوەکـێ: «دوور مـەبـێ لـــەم» (لـێ دیـــوانی «جریـــوەی ئـەستـێرەکان»، لاپـەڕە ١٣ – ١٤)
دوور مـەبـێ لـەم تا دەتوانم بـێ تـێ ناژیم وا دەزانم
بـەچی چاوت لـەم دەدزیت ڕووم لـێ دەکـەیت و دەڵـێیت نازانی چاوەکانم کـەس نابینن لـێ دوای تـێ؟
چاوەکانت لـێ ڕابردوو دەستـەسـەی فرمـێسکم بوو ئـێستا بـێ وا سارد دەڕوانی تـێ زامـەکانی من دەزانی
دەڵـێـی بـەدەنگیم بـەهـانـێیـە دەمـم هـەر بـێ تـێ لانـێیـە نـازانم بـێ وا دەڵـێیت کـێ دەزانی عـەشقم ڕاستـەقینـەیـە
دەت وەک ئاتـەشگایـەکـێ ئاگرەکـەی لـێ ناخمایـە کـەچی خـەت لـێی بـێئاگایت و هـەستی پـێ ناکـەی لـێ دنیایـە
تیری چاوت لـێ دەم مـەدە مـەهـەڵـە ڕەحم خـوێناوی بـێ توانام نـەماوە بـێ ئـەم خـەمـە با بـەسی بـێ و ئـەقڕەی لـێ بـێ
دەترسم ڕەژی مـەرگ بـەت و تـێ من لـێ چاوەکانت دەربـێنیت من لـێ چاوتدا ئـەژیم و مـەهـەڵـە ڕەحم لـێناوچـەت
خـەمم پـێ بـەشـە ئـەگـەر تـەنها دیاریی تـێ بـەت بـەم بـەڵام چیتر دوور مـەبـێ لـەم با دەت تـەنها هی من بـەت!

نووسینی : کارزان عزیز

داش دوو داش.. شـــوان عـبـــاس

بەدری

- لەگەڵ یەک ئیدارەییت؟
– نەخێر
- کەواتە لەگەڵ دوو ئیدارەییت!؟
– نەخێر
- ئەی لەگەڵ چیت؟
– دەنگی تابوری پێنجەمی ناو حزبەکان و پەرلەمانتارە بەناو سەربەخۆکان خۆفە بکەن و سەرۆک و سکرتێری حزبەکان هاوڕکارەکانیان بگەڕن دەخەکە خود بە خود هەور ئەبێتەوە.
- کەواید بەڵای تە گەر هاتوو هەر تووندووتیژییەک ڕوویدا و هەر خوێنێک ڕژا لە ئەستەی ئەو کەسانەیە کە باست کردن؟
– نا، تەنها لە ئەستەی پەرلەمانتارە بەناو سەربەخۆکانە.
- ئەی چار ؟
– ئەوانەی خەیان وەک خودا دەبینن و داوا دەکەن هەمیشە بەرامبەرەکەیان تەنازولیان بە بکات لە عەرشی خوایەتی بێنە خوارەوە و بە چاوی سەرێک و سەرکردەی ڕاستەقینەوە لە دەخەکە بڕوانن و خەمی لەکترازانی خەکەکەیان بێت.
- یانی ئەوەندە دەخەکە مەترسیدارە؟
– بە خەکە ئاسایەکە بەنی خوێن و کووشتاری لەدەت و بە سەرێک و سەرکردەکان بەنی دەسکەوتی زیاتر و بە تابووری پێنجەمی ناو حزبەکان و بەناو پەرلەمانتارە سەربەخۆکانیش بەنی دەلار و یەرە و موڵک و ماڵی زیاتری لەدە!
- ئەی جگە لەو چارەسەرەی باستکرد چارەسەری تر هەیە؟
– بەڵێ هەیە.
-چییە؟
– هەروەک بەر لە 25 ساڵ وتم بینای پەرلەمان بکرێت بە مەیانی ئاژەڵان و ئاژەڵی تیا بفرۆشرێت چونکە سوودی لەو بینای پەرلەمانەی کە بە دەبابە ئەتک کرا زیاترە بە خەک و کاسبکارە ئاسایەکەی وڵات.

شوان عەباس بەدری

سۆسیالیستەکان و فەلسەفەی زمانی سیاسی -.. ئەکرەم سەعید

بەشی یەکەم

" تێخنەی بەبەزییانە لە هەموو ئاوەی کە هەیە " – مارکس (١).

پێشەکی تیۆری:

تێنگەیشتنێک لە مارکسیستەکان پێیان وابێت کە نووسینی تێخنە کە ئاراستەی چەپ بکرێت لەم کاتەی ئێستاماندا کارێکی گونجاو نییە، و بەرگەشیان بە ئاوەڕۆیەکی لە جیهانی ئەمڕۆدا، کە تێیدا هزر و سیاسەتی بەرژوازیی داستەو باڵادەستە و بەهێزتر دەبێت، باشتر وایە هەموومان هاوڕا بەدەین بە یەکخستنی ڕیزەکانی چەپ و دووربکەوینەوە لە تێخنەگرتن لە یەکتری. وەک امدانەوەی ئەم هاوڕا بەرزانەش ئاوەیە کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی تەنها بە بڵایەنی و تێخنەی بنەڕەتی و مەبەدئی بەهێز دەبێت؛ چونکە مارکسیزم لە جوهەردا بریتییە لە تێخنە. کتێبە بناوبانگەکانی هەریەک لە (مارکس، ئەنگڵس، لینزا، کاوتسکی، پلەخانۆف، لینین، هتد)، زۆربەیان بریتین لە تێخنەگرتن لە چەپەکانی سەردەمی خۆیان، بە نموونە: (کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەمانی تێخنەیە لە چەپی هیگڵی – کتێبی دژە دوهرینگ تێخنەیە لە بیرمەندەکی چەپی ئەمانی – تێخنە لە بەرنامەی گوتا تێخنەیە لە فیکری لاسال – هەژاریی فەلسەفە تێخنەیە لە پرودۆن،، هتد).
سۆسیالیستەکان پێیان وایە کە تێخنە چەکەکی فیکرییە لە جەنگی چینایەتیدا، و هەرکەسێک دەستبەرداری تێخنە ببێت، ئەوا دەستبەرداری سۆسیالیزم و بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار بووە. هیچ حیزبێک ماڤێکی قەرخکراوی (تایبەتی) نییە بەسەر فیکری سۆسیالیستی و بزووتنەوەی چینی کرێکارەوە، تا تێگری لە ئاوانی تر بکات لاوەی تێخنەی مەبەدئی و بنەڕەتی ئاراستەی دروشم و تاکتیکەکانی بکەن. تێخنە ئازادە؛ بە مەرجی پابەندبوون بە تێزگرتن لە کۆسایەتیی ئاوی تر و دوورکەوتنەوە لە ناوزاندنی هیچ حیزبێک. قەدەغەکردنی تێخنە لە سۆسیالیزم دیگەڕەت بە ئایین، واتە دگەڕەت بە زەرداری و

سەرکوتکردنی هەشیاریی کرێکاران، و ڕەگ و ڕیشەی ئەم ڕەبازە سەرکوتکەرەش لە بنەڕەتدا دژگەڕەتەوە بۆ ستالینیزم.

ئەم وتارە تیشک دەخاتە سەر گرفتە بنیادی و چەمکسازییەکان لە گوتاری چەپی هاوچەرخدا، لە ڕەگەی خستنەڕووی نموونەیەک لە ئەدەبیات و بۆچوونە سیاسییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە. شیکردنەوەی زمانەوانیی بەرگەنامەکانی ئەو دوو حیزبە ئاشکرای دەکات زاراوە و چەمکانییان ڕەگ و ڕیشەیان لە هەردوو فەلسەفەی لیبڕاڵی و کۆنەپارێزیدا داکوتیوە؛ بە جۆرێک چەمکە سەرەکییەکانی وەک دیموکراسی، دەسەڵاتی گەل، ئازادی، دادپەروەری، و یەکسانی دەخرێنە ڕوو، بەبێ هیچ جیاکارییەکی واتایی یان چینایەتی کە لە تێزەکانی ئاستەنگو جیایان بکاتەوە. ئەم دیمەنەش وەها دەردەکەوێت کە وەک ئەوەی چەپ سیستەمی زمانەوانی و چەمکسازیی باوی ناو هەردوو فیکری لیبڕاڵی و ئاستەنگوی خواستووە و گرتەبەر، و دەستەواژەکانی خۆی لە بارگاویی سۆسیالیستی و شۆشگێڕییەکەی بەتاڵ کردبێتەوە. لێرەدا ئەو خاڵەی پێویستە بە هەمووان ڕوون بێ ئەوەیە؛ کە مەبەست لە ئاراستەکردنی ئەم ڕەخنانە بۆ (حەکەک – پەکەکە) دەرخستنی جیاوازیی فیکری و سیاسییە و هیچ پاڵنەرێکی کەسیی لەپشت نییە.

سۆسیالیستەکان و فەلسەفەی زمان:

لە دیدگای سۆسیالیستیدا، زمان وەک سیستەمێکی ئەبستراکت (مجرد) لە ڕەساکان سەیر ناکرێت، بەڵکو وەک پراکتیکێکی کۆمەڵایەتیی ماددی سەیر دەکرێت کە تێیدا هاوسەنگیی هێزەکان و ململانێی چینایەتی ڕەنگ دەداتەوە. زمان لە ڕوانگەی سۆسیالیستییەوە ئەو مەیدانەیە کە ئایدیۆلۆژیای تێدا دروست دەکرێت، هێژموونی تێدا دەچەسپێنرێت، یان ڕزگاریی فیکریی لە ڕەگەوە ڕەبەرایەتی دەکرێت. هەزری سۆسیالستی میراتێکی تیۆریی دەوڵەمەندی هەیە لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان سیاسەت و زماندا؛ بەو پێیەی مارکسیزم لە زمان (بە چەمک و دەربڕینەکانییەوە) وەک ئامرازێکی گەیاندنی بۆلایەن ناڕوانێت، بەڵکو وەک گۆڕەپانێکی زیندووی ململانێی چینایەتی، و ئامرازێکی کاریگەر بە هێژموونی سیاسی و ئاراستەکردنی ویژدانی گشتیی جەماوەر لێی دەڕوانێت. لە کاتێکدا مارکسیزمی کلاسیک زمانی لە چوارچێوەی «سەرخان»دا پۆلێن کردبوو کە لە لایەن ژێرخانی ئابووریییەوە حوکم دەکرێت، مارکسیزمی ڕەخنەیی و ئاراستە زمانەوانییەکانی دواتر ئەم دیدگایەیان پەرەپێدا؛ بە ئەوەی جەخت بکەنەوە کە زمان ئامرازێکی داینامیکی و چالاکە کە ئاستەوخۆ بەشدارە لە پێکهێنانی هەشیاری و

داشتنی کردی سیاسیدا.
ڤالنتین ڤلاشینڤ سبارت بە زمان ئەمی خوارووی نووسیو: (زمان بە دیارترین بوار دادنرت کە تیدا چنیتیی هما و پیوندیی کەمایەتیی بردوام و گشتگیر کی یکلاکراوە دگن. وشە تنها دیاردیکی ئایدیلژیی کە بە تواوی لە ناو ئرکەکیدا وەک دلالت جی دبتوە. وشە لم دخدا لە ئرکەکی وەک دلالت جیا نابتوە و ناکرت هیچ شتکی لە هبهنجرت بە دوور لم ئرکە، ئمش وا دکات وشە پاکترین و هستیارترین ئامرازی پیوندیی کەمایەتی بت).- مارکسیزم و فلسفی زمان / ڤالنتین ڤلاشینڤ – بشی یکم – وارگانی بە عربی: عیماد خالید ئلحوتبە / الحوار المتمدن.
ڤالنتین ڤلاشینڤ پی وایە کە وشە تنها ئامرازکی گیاندنی بلایەن نیە، بکو پوەرکی هستیارە کە گانکاریی سیاسی و کەمایەتییەکان دردخات؛ واتە وشە وەک نیشانەیکی ئایدیلژییە. یەک وشە (وەک: ئازادی، دادپروەری، گل) ماناکی بە تواوی دگت بەپی ئەو چینە یان ئەو حیزبە سیاسییەی کە دریدبت. حیزبی دسات دار هەوە دەدات «یەک تن» (ئاواز)ی جگیر بسپنت بە خزمتکردنی ئامانجکانی، لە کاتکدا حیزبە شگان یان ئپزسیونکان هەوە دەدن تنک بدنە وشکان کە گوزارشت لە خواستکانی جماوەر بکات.
هربرت مارکوزە لە کتبکیدا (مرۆقی تاکهند – بشی چارم: «جیهانی داشتنی داخراو» ل ۱۲۱) زمانی سیاسی شیدکاتەوە؛ لم بشدا ەوونی دکاتەوە کە چن زمان لە لایەن دسات کورت دکرتەوە بە تنها دروشمگلک کە ئامانجیان کنترکردنی هشیاریی جماوەر. بشکی تواوی کتبکشی ترخان کردووە بە شیکردنەوەی زمان لە ژر ناوی زمانی دسات یان زمانی تاکهند. مبستکشی لم چمکە، و کوتنی حیزبە چپکان بە ناو ئم تییە لە چند خاکی سرکیدا کورت دبتوە:

زمانی کارپکردن (کردیی) ـ سینوی مژوو و قووایی:
مارکوزە پی وایە زمانی سیاسیی مدرن گاوە بە زمانکی «تکنیکی و کارپکردن کە لە دووری کردار دخولتوە». ئم زمانە کشکان ناخاتە ەوو مگر وەک مسلی تکنیکی کە پویستیان بە چاکسازییە، نەک وەک قیرانی بنیادی و جوهری لە بنتی سیستمکدا. بە نموونە، کاتک دسات یان دزگاکانی اگیاندن باس لە پرسکانی وەک قیرانی بکاری یان کمیی مووچە دکن، زمانکە بە شویەک دادژرت کە کشکە تنها وەک کموکوییەکی

تەکنیکیی کارگەی یان دارایی نیشان بدات کە پێویستی بە دانیشتنی چەند وەزیرێک یان شارەزایەکی ئابووری هەیە بۆ دەزینەوەی چارەسەر. ئەم زمانە هەگری لە مرۆڤ دەکات لەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە بکاری بەشکی جەوهەری و بنیادیی لە خودی سیستەمی سەرمایەداری؛ واتە زمانەکە هەهەندی مەژوویی و فەلسەفیی کشکی دەستەتەوە، و تەنها هەهەندە تەکنیکی و کارگەییەکەی دەهێنێتەوە.

زمان گومان قبوڵ ناکات ـ تەتالیتاریزمی زمانەوانی:

مارکوزە هوونی دەکاتەوە چەن زمانی سیاسی لەگەڵ زمانی بازرگانی (یەکلامکردن) تەکەڵ بووە. ئەم زمانە پشت بە دروشمی کورت، کاریگەر، پەپالیستی، و ئامادەکراو دەبەستێت، کە ئەمەش توانای بیرکردنەوەی هەخنەیی دادەپشێت. لە بری ئەوەی وشکان چەمکگەلێک بن هانی بیرکردنەوە بدەن، دەگەڵەن بە فەرمانی جێبەجێکردن. نموونەی ئەمەش دروشمەکانی وەک: «ئازادی، دیموکراسی، پێشکەوتن، ئیرادەی گەل»ن. ئەم وشانە بە شێوازێکی زەر لاستیکی و تەمومژاوی دەخرێنە هوو، بە جۆرێک کە چیتر ناتوانیت پرسیاریان لەسەر بکەیت یان گومانیان لە بکەیت؛ چونکە خودی زمانەکە هەگرێ لە دروستبوونی پرسیار. کاتێکیش دەستەات یان حیزبێکی سیاسی دەڵێت: "ئەمە لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا کار دەکەین"، ئەوا زاراوەی (بەرژەوەندیی گشتی) پیرۆزی و قاڵبێکی ئامادە وەردەگرێت کە هەگری لە جەماوەر دەکات بپرسن: بەرژەوەندیی کام چین بە دیاریکراوی؟.

مارکوزە نووسیوێتی:(قسەکردن لە جیهانی داشتنی گشتیدا تەنها گواستنەوەی هاوواتاکان و وشە دووبارەبووەکانە، و لە واقیعدا هەرگیز بە دوای جیاوازیی جۆریدا ناگەڕێت. بونیادی شیکاری وشە سەرکیبەکە دادەبەزێت لەو ناوەرۆکانەی کە هەڵەشەی هەڵوەشاندنەوەی دەکەن یان لانیکەم کەسپ دەخەنە بەردەم ئەو مانایەی کە لە لەدوانە سیاسییەکان و هەای گشتیدا پێی بەکاردەهێنرێت. هاستییەکشی ئەوەیە کە ئەو چەمکەی دەخرێتە پلەی سرووتی پیرۆزەوە (پلەی سروتی پیرۆز ـ نهێنی کاهینێتی؛ یەکەکە لە حەوت نهێنیە پیرۆزەکەی کانیسە لە ئایینی مەسیحیدا)، پارێزبەندی دژی هەڵوەشاندنەوە بەدەست دەهێنێت). ـ (مرۆڤی تاکەهەند ـ بەشی چوارەم: «جیهانی داشتنی داخراو»).

چەن حیزبە چەپەکان دەکەونە ناو ئەم تەیەوە؟:

لەم بەشەدا مارکوزە پێی وایە گەورەترین فەرمی سەرکوتکردن لە کەمەگای مەدەرندا لە توانای ئەو کەمەگایەدایە بە لەخۆگرتنی زمانی ئەپۆزسیۆن و تەکەکردنی تا ببێتە بەشێک لە زمانە

باڵادەستەکەی خۆی. کاتێک حیزبێکی چەپ دەتە ناو مەیدانی سیاسییەوە، بە مەبەستی دەزینەوەی پێگەیەک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنداو و بە ئاوەژووی جەماوەر لەی تێبگات، خۆی ناچار دەبینێت فەرهەنگی زاراوە ئادیکاڵ و ڕەخنەییەکانی (کە سیستەمێکە لە بنەڕەتەوە ڕەتدەکەنەوە) بگۆڕێت و ئاو زمانە تەکنیکی و پڕۆپاگەندەییەی لە جێگە دابنێت کە بازاڕی سیاسیی مەدەرن قبووڵی دەکات.
کاتێ حیزبێ چەپەکە دەست دەکات بە بەکارهێنانی وشە لاستیکییەکانی وەک:« دەسکاتی بنەماڵە، ئیرادەی گەل، خۆشگوزەرانی، چاکسازی، و دادپەروەریی گشتی»، لەڕەدا مارکوزە ڕوونی دەکاتەوە کە لەو چرکەساتەی چەپ دەستبەرداری زمانە ڕەخنەییە تایبەتەکەی خۆی دەبێت و زمانە باڵادەستەکە وەردەگرێت، ئەوا بە تەواوی ناسنامەی خۆی لەدەست دەدات؛ چونکە ئەو وشانەی بەکاریان دەهێنێت پێشوەختە مانا ڕەسەنەکانیان لە لایەن سیستەمی سەرمایەداری و حیزبە لیبراڵ پڕۆپاگەندەکانەوە دزراون، و گۆڕاون بە ئامرازی کۆنترۆڵکردن. بەمەش چەپ دەگۆڕێت بە تەنها ئەپۆزسیۆنێکی ناوخۆیی کە دروشمەکانی سنووری سیستەمە باوەکە تێناپەڕنن.
مەبەستی مارکوزە ئەوە بوو کە کەمەگای مەدەرن، لە ڕێگەی تەکنۆکردنی زمانی سیاسی لەگەڵ زمانی بازرگانی (ئیکلامکردن)، شێوازێکی زمانەوانیی بەرهەم هێناوە کە هەموو جیاکاری و جیاوازییەکان دەسڕێتەوە. کاتێک حیزبێکی ئادیکاڵی چەپ بڕیارنامەیەک دەردەکات و تێیدا بە هەمان ئەو وشە و دەستەواژانە قسە دەکات کە سیاستمەدارە لیبراڵەکان یان ئەپۆزسیۆنە پڕۆپاگەندەکان، یان تەنانەت بەرپرسانی خودی دەسەڵات لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەکاری دەهێنن (وەک: دەسکاتی گەل، خۆشبەختی بۆ خەڵک، داهاتووی گەش، ماف و ئازادییەکان)، ئەوا ئەمە لەڕەدا ڕووبەڕووی دەرکەوتنێکی زۆقی «زمانی تاکڕەهەند» دەبینەوە. لەم چوارچێوەیەدا، زمان چیتر ئامرازی ڕزگاری و ڕەخنە نییە، بەڵکو گۆڕاوە بە یارییەکی تەکنیکی و بەبازاڕکردن بە ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر بە شێوەیەکی کاتی، کە لە چوارچێوەیدا هەموو هێزە سیاسییەکان لە ناو یەک گوتاری قاڵبگرتوودا دەتوێنەوە.

جیاکردنەوەی زمان لە فیکر:

" زمان ڕەنگدانەوەی فیکرە نەک ئامرازێک بۆ فڕێکردن"- مارکس.

بەڵام، تا چ ڕادەیەک مارکس و سۆسیالیستەکان (جیاکردنەوەی زمانی سیاسی لە دۆقی ئایدیاڵژی) قبوڵ دەکەن، واتە جیاکردنەوەی زمان لە فیکر، یان گوتار لە هۆشیاری؟ ئایا ئەم جیاکارییەی نێوان زمان /

پۆپاگەندە و نەوان بیروباوەڕی ئاستەقینە نابەتە هەی جۆرێک لە ساختەکاری و چەواشەکردن؟ ئایا ئەمە بە پشێلکردنی بنەماکان و شەرعییەتی فیکری دانانرێت لە پێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتی جەماوەری و حیزبیی کورتخایەندا؟ ئەمە پرسیارێکی جەوهەریدایە؛ چونکە ئەمە زمانی سیاسی سۆسیالیستی زانستی لە پۆپۆلیزمی چەپ جیادەکاتەوە. ئەگەر بمانەوێت وەڵامی ئاستەوخۆی پرسیارەکە بدەینەوە: بەڵێ، خودی مارکس هەرگیز ئەم جیاکردنەوە زۆرەملێیەی نەوان فیکر و زمانی قبوڵ نەدەکرد، و زۆربەی سۆسیالیستە بە پێرەش و ژدەکان پێیان وایە ئەم شێوازە بە ناچاری دەبەتە هەی ساختەکردنی هەشیاریی جەماوەر، و دروستکردنی دەخێک لە فڕەی هزری، و قوربانیدان بە بنەما تیۆرییەکان لە پێناو دەستکەوتی پراگماتیی کاتیدا.
لە کتێبە بەناوبانگەکەیاندا «ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی – ١٨٤٥» مارکس و ئەنگڵس دەستەواژەیەکی مۆزوویییان داشتووە کە دەڵێت: «زمان واقیعی ئاستەوخۆی فیکرە»؛ بە مانای پێکەوە بەستراوی هزر و زمان. مارکس پێی وایە لە ڕووی بنیادییەوە مەحاڵە مرۆڤ فیکرێکی شەشگەڵانەی هەبێت لە کاتێکدا پێناببات بەر زمانێکی کێن یان بەرژوازی بە گوزارشتکردن لێی. مارکس لە کتێبی «هەژدەی برومێری لویس بۆناپارت»دا ڕەخنەیەکی تووندی ئاراستەی ئەو حیزبانە کرد کە دروشم و زمانی لاستیکی بەکاردەهێنن بۆ شاردنەوەی ئاستییەکان. ئەو پێی وایە شەشی سۆسیالیستی پێویستی بە خشاردنەوە نییە لە پشت دەماکی «گەل» یان پێناگرتن بە دەستەواژە تەومژاوییەکان، بەڵکو دەبێت خۆی بە زمانێکی ڕوون و ئاستگیانە پێناسە بکات، بەم شێوەیە مارکس سازشکردنی زاراوەیی ڕەتکردەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، مارکس هەرگیز قبوڵی نەدەکرد حیزب سازش بکات لە ڕێگەی شاردنەوەی چەمکە جەوهەرییەکانی (وەک: ململانێی چینایەتی و هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی تایبەتی) و گەیشتن بە قسەکردن لەسەر «دەسکەاتی گەل و خۆشگوزەرانی» تەنها لەپێناو لەدەستنەدانی جەماوەرێکی.

ئایا جیاکردنەوەی زمان لە فیکر «فەڵ و ساختەکاری» دروست ناکات؟ بەڵێ، بەگومان بە تەواوی دروستی دەکات، بەڵام پاساوی حیزب بە ئەم زمانە پۆپۆلیستییە کە بەتاکڕاوەتەوە لە بنەماکانی سۆسیالیستی، پێویستی (پۆپاگاندەکردن و ئاژیتاسیۆن – وروژاندن)ی جووڵاندنی هەست و سۆزی جەماوەر بە ئاوەژوی هەڵوەستەکی خێرا و کردەیی وەربگرن. لە ئاستیدا، پۆپاگاندە و ئاژیتاسیۆنی سۆسیالیستی لە پێناو ئاکشانی جەماوەردا، بە هیچ شێوەیەک بە مانای هاوتابوونی زمان و گوتار نایەت لەگەڵ پارتە بەرژوازییەکانی تردا، و نابەت

ببەتە هەی لەدەستدانی هزر و بنەما جەوهەرییەکانی خەی.
کاتێک حیزبێک لە ناوخەیدا بەرنامەیەکی ئادیکاڵ پەیڕەو دەکات (وەک: دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی سەرمایەداری و بازاڕ)، بەڵام لە دەرەوە بە زمانێکی جیاواز ووە لە جەماوەر دەکات و پێیان دەڵێت: (ئەمە دەستکاتی ئیرادەی گەل و ئازادیمان دەوێت)، ئەوا ئەمە لەڕادا ووبەووی دوو تەنگژەی مەڵاڵی و سیاسیی گەورە دەبێنەوە.
لە پڵەی یەکەمدا حیزبێکە جەماوەری چەواشە کردووە، چونکە لەڕادا حیزب بە ووخساری فێبازێکی زیرەک دەردەکەوێت کە بە عەقڵییەت و لووتبەرزییەکی بژاردە «لە سەرەوە بە خوارەوە» سەیری جەماوەر دەکات؛ وەک ئەوەی حاڵی زمانەکەی بڵێت: خێڵکی گشتی هەشیاریی تەواویان نییە بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەکەمان، کەواتە با بە دروشمی سادەکراوە بیانخەینەتنین. دووەم، حیزب ژینگەیەک دروست دەکات بۆ دووفاقیی کادیران و لێکترازانی کۆمایەتیی حیزبی. لەم ژینگەیەدا کادیرانی حیزب تووشی جۆرێک لە پارچەپارچەبوونی ناسنامە دەبن؛ بۆ جۆرێک لە ناو هەڵگرانی حیزبدا بە زمانێکی ئادیکاڵی توند قسە دەکەن، لە کاتێکدا لە فەزای گشتیی یان دەزگاکانی ئاگەیاندنداد دگەڵین بە سۆسیال دیموکراتێکی نەرم. ئەم ڕەفتارەش وا دەکات جەماوەر بە تەواوی متمانەی بەم جۆرە حیزبانە نەمێنێت.

پشێلکردنی بنەماکان لە پێناو جەماوەریبوونی کاتیدا:
ئەمە هەمان ئەو تەڵەیە کە حیزبە کۆمۆنیستەکان و زۆرێک لە هێزە چەپەکانی تری ناوچەکە تێکەوتوون. ئەوان پێیان وابوو ئەم جیاکارییە زمانەوانییە دەتوانێت حیزب بگەیەنێت بە هێزێکی جەماوەریی گەورە، بەڵام ئەنجامە مۆژوویەکە بە تەواوی پێچەوانە بووەوە. کاتێک بە چەندین ساڵی درێژ زمانی «ئەپۆزسیۆنی نەریتی باو» وەک تاکە بژاردە بەکاردەهێنیت، وردە وردە مۆشکی کادیران و لایەنگرانی حیزب لە فیکری ئادیکاڵ دادەماڕێت، تا دواجار وەک شۆنکەوتوو و هەڵگری ڕاستەقینەی خودی ئەو زمانە تەمومژاویە دەمێنێنەوە، لە پێناو کەکردنەوەی چەند کەسێکی زیادە لە خەیشاندانەکدا یان کەکردنەوەی هەندێک دەنگی هەبژاردن، سەرئەنجام بنەما جەوهەرییەکانی حیزب دەکرێنە قوربانی (قوربانیدان بە ستراتیژ لە بەرژەوەندیی تاکتیکدا)، ئەمەش ڕێکخراوەکە بەرەو مایەپووچبوونی فیکری دەبات؛ و کاتێک قەیرانەکە دادەمرکێتەوە و جەماوەر بەاوەی لەدەکات، حیزب خەی دەبینێتەوە کە ناسنامە فیکرییەکەی پشووی لەدەست داوە بەبێ ئەوەی سەرکەوتوو بووبێت لە بەدەستهێنانی پگەیەکی جەماوەریی ڕاستەقینە. ئەو حیزبە شیوعی و چەپانەی زمان

لە فیکر، یان گوتار لە ئایدیۆلۆژیا جیادەکەنەوە، قەیرانی چەمکیان هەیە لە گوتارکانیاندا، و پێویستی تاکتیکەکی ماکیاڤیلی دەکەن کە پێی وایە «ئامانج پاساو بە ئامراز دەهێنێتەوە». بۆیە مارکسیزمی وەسەن جەخت دەکاتەوە کە ڕاستگۆیی فیکری و ڕوونیی زمان دوو مەرجی بنەڕەتین بۆ بنیاتنانی هۆشیاریی ڕاستەقینەی چینی کرێکار.

زمانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان:
لێم بەشێی یەکەمدا، نموونەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەهێنینەوە، ئاوەش لە ڕووگەی ئاو زمانەوە (وشە و چەمکەکان) کە لە بەیاننامەکانیدا بەکاری دەهێنێت، سەرەڕای وتار و گوتارکانی ئێندامانی سەرکردایەتیی حیزبەکە.
(هەردوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی، بەهۆی میلیشیا بەشێوەیەکی هێڵها و نایاسایی دەستیان بەسەر دەسەڵات و تەواوی سامان و داهاتی ئێم کۆمەڵگەیەدا گرتووە. کوردستانیان بە زەر و زەرداریی میلیشیاکانیان لە نەوان خۆیاندا دابەشکردووە. .. ئێم فێم و مەدلەل لە دەسەڵاتدارێتی و وردوخاشکردنی ئیرادەی خەڵک، تا سەر مۆخ کۆنەپەرستانە و ناکۆکە بە هیوا و ئاوات و ئارەزووکانی خەڵکی شارستانیی کوردستان و پێوانە سەردەمیکان و هەرگیز شایانی ژیان و شکۆی خەڵکی کوردستان نییە و دەبە کۆتایی بێت.) – سەرچاوە: بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری سەبارەت بە: پێویستی خەبات بە کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی بنەماڵە! – تشرینی یەکەم 1, 2026.
بەیاننامەکە دەڵێت: (دوو دەسەڵاتی میلیشیایی ستەمکار و سەرکوتکەر و نایاسایی و ناشارستانی و نابەرپرس بەرامبەر ژیان و پێداویستی و ئازادییەکانی خەڵک) – دەسەڵاتی نایاسایی و ناشارستانی مانای چییە؟ مەبەستی ئێم کۆمۆنیستانە لە (یاسا و شارستانیبوون) چییە؟. ئایا ئۆگەر دەسەڵات یاسایی و شارستانی بووایە، هیچ کێشەیەک نەدەبوو؟ ئایا ئێمە دیدگایەکی مارکسییە بە دەسەڵاتی؟.
زمانی دەقی سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، لە واقیعدا تێکەڵەیەکە لە ڕەخنەی مارکسیی کلاسیک لە دەوڵەت و دروشمی سیاسیی پۆپۆلیستی (جەماوەری) بە جووڵاندنی شەقام.
بە تێگەیشتن لەوەی مەبەستیان چییە لێم چەمکانە، و ئایا ئێمە دیدگایەکی مارکسییە یان نا، پێویستە بابەتەکە لەسەر ئاستی فەلسەفی و سیاسی شیبکرێتەوە:
مانای «دەسەڵاتی نایاسایی و ناشاریستانی» لە ڕوانگەی حیزبی شیوعییەوە:
ئۆگەر وەک حککک دەڵێ:(دەسەڵاتی ئێم دوو بنەماڵەیە، وەکو فەهمی بەرجەستەبووی دەسەڵاتی چینی بورژوازی کوردە)، ئایا دەبوو بڵێی

حیزب ئەم «دوو حیزبە بنەماییەکە»؛ بنەماکانی بارزانی و بنەماکانی تالەبانی – پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەکام یاسا و شارستانییەت دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا بگرتایە؟.
لێرەدا مەبەستیان لە « دەسەڵاتی نایاسایی – یاسا» لە هاوانگی فەلسەفەی مارکسییەوە نییە، چونکە لەو هاوانگییەوە ئەو دەسەڵاتی بەرژەوەندیی زێرینە (کرێکاران) ناپارێزێت لە بنەڕەتدا بە نایاسایی و ناشەرعی دادنرێت. بەڵکو مەبەستیان «یاسای سروشتیی بەرژوازی» یان یاساکانی پەرلەمانی ئێستای هەرێمە، واتە مەبەستیان ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتە تەنانەت پابەند نابێت بەو بنەما یاسایی و دەستووریانەشەوە کە خودی خێی دایشتووون (وەک ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پاک، یان دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات، یان یاسای کار).
مەبەستیان لە چەمکی دەسەڵاتی ناشارستانی شەوازی حوکمڕانییە؛ کاتێک هێزە چەکدارەکان و میلیشیاکان بەیار دەدەن لە بری دامەزراوە مەدەنی و یاساییەکان، و کاتێک تیرۆری سیاسی و سەرکوتکردن هەیە، ئەمە لە فەرهەنگی سیاسیی ئەواندا پێناسە دەکرێت بە گەڵانەوە بە «سەردەمی پێش دەوڵەت» یان «قۆناغی خێڵەکی و دەربەگایەتی»، نەک کەمەڵگایەکی مەدەنی و شارستانی (Civil Society).
یاسایی و شارستانیی کام چینی کەمە؟ ئایا ئەمە دیدگایەکی مارکسییە بە دەسەڵات؟. ئەم زمانەی بەیاننامەکە مارکسیی کلاسیکی پوخت نییە، بەڵکو زیاتر دەچێتە خانەی «پۆپۆلیزمی سۆسیالیستی»یەوە لەبەر ئەم هەکارانە:

١. دابەشبووونی چینایەتی بەرامبەر دابەشبووونی سیاسی: مارکس دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنەمای «کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە؟» (سەرمایەدار بەرامبەر کرێکار) شیدەکاتەوە. بەڵام ئەم بەیاننامەیە کێشەکە کورت دەکاتەوە لە «دەسەڵاتی بنەماکە و میلیشیا»دا (واتە کێشەیەکی سیاسی و کێشەی حوکمڕانی)، نەک کێشەیەکی ئابووری و چینایەتیی جۆهەری. زمانی سیاسی حیزب لێرەدا لە هاوکێشەی(دەسەڵاتی نەریتی بەرامبەر دەسەڵاتی مەدەرنی بەرژوازی) داڕژراوە.
٢. چەمکی «شارستانیبوون»: لە فەلسەفەی مارکسیدا، خودی «شارستانییەتی بەرژوازی» جێگەی ڕەخنەیە. مارکس پێی وایە شارستانییەتی سەرمایەداری لەسەر خوێن و چەوساندنەوەی کرێکاران بنیات نراوە. بەیە، بەکارهێنانی چەمکی «ناشارستانی» وەک تەمەتێک

بە دەسەڵات ڕەنگدانەوەی تەوانینەکی لیبرالییە زیاتر لەوەی مارکسی بێت؛ چونکە وەها دەردەکەوێت کە تێ دەگەیت: «ئەمە دەسەڵاتێکی سەرمایەداریی شارستانیمان دەوێت».
ئایا لە دیدگای مارکسیستکانەوە دەسەڵاتی (بایدن، پۆتین، ماکرۆن، ترەمپ و نەتەنیاهۆ) بە دەسەڵاتێکی شارستانی دادەنرێن؟ ئەی چی سەبارەت بە دەسەڵاتی (سیسی، ئەردۆغان و خامنەیی)؟ جیاوازیی نێوانیان لە چیدایە؟ لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە، سەرجەم ئەم دەسەڵاتانە لە جۆهەردا دەسەڵاتی «یاسایی و شارستانیی بەرژوازین»، لەبەر ئەوەی هەموویان پارێزەری خاوەندارێتیی تایبەتی سەرمایە، سیستەمی کاری کرێگرتە، پووڵ و بازاڕن؛ هەرچەندە لە ڕووی فۆرمی حوکمڕانی و ئایدیۆلۆژیاوە جیاوازن. لە کاتێکدا لای سۆسیالیستەکان ئەم جیاوازییە ڕووکەشانەی نێوان فۆرم و ئایدیۆلۆژیای بەرژوا دەسەڵاتدارەکان هیچ بایەخێکی نییە، بۆیە لای لیبرالەکان و چەپی پۆپۆلیست وەک پێوەری سەرەکی و جێگەی بایەخ سەیر دەکرێن.
مۆژوو نیشانی داوە کە نازییەکان و هیتلەر لە ڕێگەی یاسا و هەڵبژاردنی دیموکراسییەوە گەیشتنە دەسەڵات. لە سەردەمی ئێستاشدا، زۆرینەی حکومەتە بەرژوازییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی سیستەمێکی بەربەریانە بەڕێوەدەبەن؛ لە لایەکەوە کرێکاران بەرسی دەکەن، جەنگ بەرپا دەکەن و بودجەی زیادەڕۆ بە بەسەربازیکردن خەرج دەکەن، لە لایەکی دیکەشەوە کۆچبەران دەردەکەن و گوتاری ڕاسیستی بەرهەم دەهێنن. سەرەڕای ئەوەش، داهاتی بانک و بەرسەکانیان دەبێتە هۆی فەوتانی سامانی هاووڵاتیان و بەهابوونەوەی نائارامی و شەواوی لە کۆمەڵگەدا، لە کاتێکدا بەساڵاچووان و منداڵانی چینی کرێکار لە سەرەتاییترین مافەکانی تەندروستی و خوێندن بەبەش دەکرێن. سەرجەم ئەم دیاردە دێندانەیە دەرەنجامی دەسەڵاتی یاسایی و «بەناو شارستانی»ی بەرژوازییەتین؛ ئەو چینەی کە ڕوخساری نوێنەرەکانی (چ پیاوەکی ئایینی بێت، بنەماڵەیەک، ئەفسەرێکی سەربازی یان حیزبێکی مەدەرنی تەکنەکراتی کەستیملەبار) جۆهەرە بەربەریێکەی ناگۆڕێت.

٣. تیۆری دەوڵەت لای لینین: ئەگەر لە گۆشەنیگای ڤلادیمێر لینینەوە (لە کتێبی دەوڵەت و شۆڕشدا) سەیر بکەین، ئەوا میلیشیا و سوپا بەشێکی جۆهەرین لە هەر دەوڵەتێکی چینایەتی. تاکە جیاوازی ئەوەیە کە ئەم میلیشیایانە لە کوردستان حیزبی و بنەماڵەیین نەک دامەزراوەیی. بەیەک ڕەخنەگرتن لە «سیمای میلیشیایی» بە تەنها بەبێ ڕەخنەگرتن لە خودی چەمکی دەوڵەتی بەرژوازی، بە لادان لە

مارکسیزم دادنرێت.

ئایا ئۆگۆر دەستکات یاسایی و شارستانی بووایە، هیچ کێشەیەکیان لەگۆڕیدا نەدەبوو؟.

نەخێر، بە دڵنیاییەوە هەر کێشەیان لەگۆڕیدا دەبوو. لەڕدا ناکۆکیی نێوان زمانی سیاسی و تیۆری فەلسەفی دەردەکەوێت. لە ڕووی تاکتیکی و دروشمبازییەوە، حیزب ئەم چەمکانەی بەکارهێناوە بۆ ئاوەژووکردنەوەی لای هەموو چینێکانی کۆمەڵگا (تەنانەت چینە ناوەندەکان و ڕەشنبیرانیش) قبوڵکراو و گونجاو بێت، چونکە هەمووان لە نایاسایبوونی دەستکات ناڕازین. بەڵام لە ڕووی ستراتیژی و فیکرییەوە، تەنانەت ئۆگۆر دەستکاتکی «یاسایی و شارستانی و دیموکراتی مەدەرنی بەرژوازی »ی تێواویش لە کوردستاندا بوونی هەبوایە (لەسەر شێوازی دووەتە ڕۆژئاواییەکان)، ئەوا لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە هەر بە «دیکتاتۆریەتی بەرژوازی» دادنرا. مارکسیستەکان پێیان وایە یاسا و دەوڵەت لە سیستەمی سەرمایەداریدا تەنها دوو ئامرازن بۆ دەست چینی باڵادەست بۆ چەوساندنەوەی چینی کرێکار، تەنانەت ئۆگۆر لەوپەڕی شارستانیبوون و دیموکراتی مەدەرنی بەرژوازییشدا بن.

ئەم ڕەخنەیەی حکک ئاراستەی دەستکاتی دەکات بۆ زمانێکی هاوشێوەی ڕەخنەی سەرجەم حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی تری کوردستان (یەکگرتووی ئیسلامی، و حیزبە لیبراڵ و کۆنەپارێزەکان – وەک بزووتنەوەی گۆران، و نەوەی نوێ) نووسراوە؛ واتە زمانی پڕوپاگەندەی پۆپۆلیستیی بەرژوازییە، زمانێکە هەمووان لەسەری کۆکن، زمانێکە خەی بەرز دەکاتەوە بەسەر چینایەتیدا و سنووورکانی فیکری سیاسی تەدەپەڕێنێت و هەمووان تێیدا لێیک دەچن. ئەمە هەمان ئەو زمانە سیاسییەیە کە مارکوزە باسی لێوە کردووە (زمانی پڕوپاگەندە – زمانی بەبازارکردن – یەکلام).

ئەم بەیاننامەیە، لە ڕووی شیکاریی فەلسەفییەوە، کەوتووەتە ناو پارادۆکسێکەوە (ناکۆکیی زاتی)؛ چونکە لە لایێک دەیەوێت سۆسیالیست و شۆشگێڕ بێت، و لە لایێکی ترەوە چەمکگەلێکی وەک (یاسایبوون و شارستانیبوون) بەکاردەهێنێت کە چەمکی فیکریی لیبراڵیزم و دیموکراسیی بەرژوازین. ئەمەش پێمان دەڵێت کە حیزب لەم بەیاننامەیەدا زمانی «پڕوپاگەندەی سیاسیی ڕۆژانە»ی پێش بیروباوەڕی «شیکردنەوەی فەلسەفیی قوول»ی مارکسی خستووە، بە ئەوەی بتوانێت لەگەڵ ناڕازایەتییە گشتییەکانی شەقامی کوردیدا بگونجێت و هاوئاهەنگ بێت.

پەکدادانی نەوان گوتاری سیاسی و بیروباوەڕی فیکری:
(خەباتی یەکگرتوانە و هەڵکخراوی کرێکاران و مامۆستایان و کارمەندان و ژنان و لاوان و کاسبکاران، دەتوانێ ئەم دەسەڵاتە وەلابنێ و دەسەڵاتێک بەرپا بکات کە پشتی بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک بەستبێت، دەسەڵاتێک کە بەرنامە و ئیرادەی بە دەستبەرکردنی خۆشبەختی بێت بە خەڵک. ئەم خەباتێکی هەمەگیر و هەڵکخراوی دەوێ، پۆویستی بەوەیە یەکگرین و بە دامەزراندنی هەڵکخراوکانمان ڕێزکانمان یەکگرتوو بکەین. ڕابەران و هەڵسوڕاوان و پشتیوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دەتوانن لەم خەباتە و لە یەکگرتوکردنی جەماوەریدا ڕۆڵی پشتیوانێ بگێڕن. هەر حزبێکی سیاسی کە تێزقاڵەکیش خۆی بە لایەنگری ئازادی و مافەکانی خەڵک بزانێ، ئەمە ئیتر دەبێ سەنگەری خۆی هەڵبژێرێت، لە پاڵ ئەم خەباتەیان لە پاڵ دەسەڵاتی ستەمکاردا ڕادەوستێت؟)- هەمان سەرچاوە.
دامەزراندنی دەسەڵاتێک کە پشت بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی «گەل» یان «جەماوەر» ببەستێت؟. دەسەڵاتی گەل واتە دیموکراسی، بەڵام لە بەیاننامەکەدا ناوی نەهاتووە، و باس لە جۆری ئەو دیموکراسییە ناکات (دیموکراسیی لیبڕاڵی، دیموکراسیی شۆشگێڕانەی لینین، دیموکراسیی جەماوەریی ماو، یان دیموکراسیی گەلانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK). ئایا دەسەڵاتی گەل جگرەوەیە بە چ سیاسەتێک لە کوردستان؟ بزووتنەوەی نەوەی نوێ و بزووتنەوەی گەنجانیش باس لە دەسەڵاتی گەل دەکەن!. ئایا ئەم بەشەی بەیاننامەکە نوێنەرایەتیی دیدگایەکی مارکسی بە دەسەڵات دەکات؟. و شیکاریی فەلسەفیی سیاسی سەبارەت بە دەسەڵاتی (گەل) چییە؟.
ئەم بەشەی بەیاننامەکە دەست دەخاتە سەر قووڵترین پارادۆکس (ناکۆکی) لە فیکری حکککدا. کاتێک دەڵێن «دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی گەل»، ئەمە کام دیموکراسییە، و جیاوازیی چییە لەگەڵ حیزبە پۆپۆلیست و لیبراڵەکانی وەک نەوەی نوێ و بزووتنەوەی گەنجان؟.
بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەبێت پەردە لەسەر جۆری ئەو دیموکراسییە لابدەین کە کەمێنیزمی کرێکاری باسی دەکات، و شیکاری بکەین کە ئایا ئەمە مارکسییە یان نا.
١. ئەم دەسەڵاتە کام جۆری دیموکراسییە؟. هەکاری بکارنەهێنانی وشەی دیموکراسی لە بەیاننامەکەدا ئەوەیە کە وشەی دیموکراسی لە فەرهەنگی مارکسیدا پیس بووە بە چەمکی «دیموکراسیی بۆرژوازی یان پەرلەمانی» (کە بە فێڵ و چەواشەکاریی دادەنرێ). لای حکککک، جگرەوەی دەسەڵاتی ئێستا بریتییە لە دیموکراسیی شوراکان (Soviet Democracy).
لە دیموکراسیی لیبراڵیدا (کە نەوەی نوێ و بزووتنەوەی گەنجان

باوەڕیان پێیەتی)، خەڵک چوار ساڵ جارێک دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەسەڵات ئادەستی پەرلەمانتاران دەکەن، پاشان خەڵک دەگەڕێنەوە و دەبنە تەنها چاودێر بەبێ هیچ دەسەڵاتێکی ئاستوخ. حککک باوەڕی وایە کە دەبێت خەڵک «شورا» (ئەنجومەن) لە شوێنەکانی کار، کارگەکان، گەڕەکەکان، و زانکۆکاندا پێکبهێنن. بەیارەکانیش لە بنکەوە بە لوتکە دەدرێن. خەڵک خۆیان ئاستوخ حوکمڕانیی خۆیان دەکەن، و هەر کاتێک نوێنەرەکانیان خیانەتی لە کردن، دەتوانن دەستبەجێ لە پۆستەکەی لایبدەن (ئەمە مەدلێلی کۆمۆنەی پاریسی ساڵی ١٨٧١).

ئایا مەبەستیان لە دەسەڵاتی گەل دامەزراندنی (دیموکراسیی شۆڕشگێڕانە)یە، وەک قەناغی یەکەمی شۆڕش؟ بەیاننامەی حیزبەکە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەو بارەیەوە تێدا نییە. حککک لە بەیاننامەکەیدا بە مەبەست هێڵکی ناڕوون و تەمومژاویی لە نێوان چەمکی دیموکراسیی و چەمکی دەسەڵاتی سۆسیالیستیدا هەشتووەتەوە.

لە ڕووی فەلسەفەی سیاسی و ئەدەبیاتی خودی حیزبەکەشەوە (کە پشت بە تێزەکانی مەنسوور حیکمەت دەبەستن)، دەتوانین ئەم ناڕوونییە لە سێ خاڵدا شیبکەینەوە:

١. جیاوازیی نێوان «دیموکراسیی شۆڕشگێڕانە» (تێزی لینین) و تێزی مەنسوور حیکمەت:

تێزی لینین (قەناغی یەکەمی شۆڕش): لینین لە ساڵی ١٩٠٥دا باسی لە «دیکتاتۆریەتی دیموکراتیی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا و جووتیاران» کرد وەک قەناغێکی گواستنەوە کە پێش شۆڕشی سۆسیالیستی دەکەوێت. دواتر لە (تێزەکانی ئاپریل)دا، کە زنجیرەیەک ڕێنمایی و بەرنامەی سیاسییە لە نیسانی ساڵی ١٩١٧ بۆ باوکرایەوە، لینین لەم نووسراوەیدا نەخشەگای سەرەکی دادەڕێژە بە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و گواستنەوەی دەسەڵات بە دەستی بەڵشەفیکان، «دیموکراسیی شۆڕشگێڕانە» تێ دەپەڕێنێ. لە فیکری ککککدا، شۆڕش دابەش نابێت بەسەر دوو قەناغدا (سەرەتا دیموکراسی و دووەم سۆسیالیزم). ئەوان باوەڕیان وایە کە لە کۆمەڵگایەکی وەک کوردستان و عێراقدا، هەر گەڕانکارییەک ئەگەر ئاستوخ نەگۆڕێت بە دەسەڵاتێکی شورایی و سۆسیالیستی، ئەوا جارێکی تر دەگەڕێتەوە و دەبێتەوە بە دەسەڵاتێکی بۆرژوازی. بۆیە لەم بەیاننامەیەدا، لە بری وتنی دەسەڵاتی شورایی و سۆسیالیستی، چەمکی لاستیکییەکەی دەسەڵاتی ئاستوخی گەلیان بەکارهێناوە.

٢. بۆچی بەیاننامەکە ڕوونکردنەوەی تێدا نییە؟

نەبوونی ڕوونکردنەوە لە بەیاننامەکەدا پەیوەندیی بە جیاوازیی نێوان بەرنامەی حیزب و بەیاننامەی تاکتیکییەوە هەیە. ئامانجی ڕاستەوخۆ لێرەدا پێکهێنانی بۆچوونێکی گشتییە (تاکتیک)؛ کاتێک حیزب بەیاننامەیەک دەردەکات کە ئاراستەی شۆڕش و ناڕازایەتییە گشتییەکان کراوە، خەڵکی بەدوور دەگرێت لە بکارهێنانی زاراوە قورسەکانی وەک دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا یان دیموکراسیی شۆڕشگێڕانە، چونکە دەترسێت توێژەکانی وەک مامۆستایان و فەرمانبەران و کاسبکاران لێی بترسن و لێی دوورببکەونەوە. لە بری ئەوە حیزب پەنای بردووەتە بەر بکارهێنانی زمانێکی کراوە (واتە هەستاوە بە جیاکردنەوەی زمانی سیاسی لە دۆقی ئایدیۆلۆژی). لێرەدا چەمکی «دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی گەل» لە قاپێکی بەتاڵ دەچێت؛ بە جۆرێک لایەنگرانی حیزب وا دەزانن شورا کرێکارییەکانی تەدایە، لە کاتێکدا خەڵکی ئاسایی و ناڕازییەکان «حکومەتێکی دادپەروەر و دوور لە گەندەڵی» تێدا دەبینن.

٣. ناڕوونیی زمان و ونبوونی ناسنامە:
لە ڕووی فەلسەفەی زمانی سیاسییەوە، ئەم بەدەنگی و ڕوونکردنەوەیە لە ناو بەیاننامەکەدا دەبێتە هۆی بەتوانایی دۆقەکە لە سەلماندنی جیاوازییە جۆهەرییەکەی. کاتێک حیزبێکی مارکسی باس لە قەناغی دوای ڕووخاندنی دەسەڵات دەکات، بەبێ ئەوەی ماهییەتی چینایەتیی ئەو دەسەڵاتە نوێیە پێناسە بکات، ئەوا لە ڕووی تیۆرییەوە دەکەوێتە ناو هەمان ئەو تەڵەیەوە کە هەڵزێ ئەپزسیۆنە پێپلیستەکانی تێکەوتوون؛ واتە تەنها باس لە چینەتی حوکمەانی (ئیرادەی گەل) دەکات، نەک ماهییەتی ئابووری و چینایەتیی دەسەڵاتەکە.

لێرەدا حیزبەکە فەلسەفە و ناسنامە ئایدیۆلۆژییەکەی خۆی کردووەتە قوربانیی مەیدانی سیاسەتی ڕۆژانە و ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر، بە جۆرێک کە جیاوازییەکانی نێوان گوتاری ئەو و گوتاری حیزبە لیبراڵ و چاکسازیخوازەکانی تر لەسەر پرسی دەسەڵات بە تەواوی تەمومژاوی بووە. کاتێکیش حیزبێک فەلسەفە شۆڕشگێڕییەکەی لە دروشمە گشتییەکاندا کورت دەکاتەوە، ئەوا ڕێک دەکەوێتە ناو یاریی خۆگونجاندن و هاوشێوەبوون لەگەڵ جەماوەریان پۆپۆلیزم؛ چونکە لە بری ئەوەی جەماوەر بەرز بکاتەوە بە ئاستی هۆشیاریی فیکریی خۆی، خۆی دادەبەزێنێتە ئاستی خواستە ڕۆژانەکانی سەر شەقام.

فەلسەفەی کرێکاران:

چینی بەرژوازی، لەپەناو پاراستنی سامان، دەسەڵات و سیستەمی سەرمایەداریدا، پەنا دەباتە بەر زمانکی فەلسەفی و سیاسیی چەواشەکار و ناڕوشن. لە بەرامبەردا، چینی کرێکار ڕزگاربوون لە چەوساندنەوەی سەرمایەداری، پەیوستی بە زمانکی فەلسەفی و سیاسیی ڕاستگۆ، ڕوشن و زانستییە. لەم نووسینەدا، زمانی فەلسەفی و سیاسیی سۆسیالیستی دەبێتە ئاو پێردە هەزرییەی کە کۆمۆنیستەکان بە کرێکارانەوە دەبەستێتەوە و وا دەکات کرێکاران ببنە خاوەنی ڕاستەقینەی فەلسەفەکەی خۆیان. جۆرج پۆلیتزەر پەیوەندی چینی کرێکاران و فەلسەفەی سۆسیالیستی بەم شێوە نایابە ڕوشن دەکاتەوە: (پەیوستە لە سەرەتاوە ئاوە ڕوون بکرێنەوە، ئاگەر کرێکاران پەیوەست بووبن بە فەلسەفەی مارکسیزمەوە، و ئاگەر ئەم فەلسەفەیان بە ڕوشنی پێی گەیشتبێ، ئاوە تەنها لەبەر ئاوە بووە کە خەباتیان لەپەناوی گەڕینی ئاو کۆمەڵگایەی کە تێیدا چەوساوەن، ناچاری کردوون کە لەم کۆمەڵگایە تێبگەن و لەکۆتاییشدا ببنە بەرژەوەندییەکانی خۆی وەک چینێکی سەردەست، هاوە دەدات ئاوە لە بیری خۆک ببەتەوە کە باڵادەستییەکەی لەسەر بنەمای چەوساندنەوەی هەزی کار ڕاوەستاوە. ئاوان نکۆڵی لە ڕاستیی چەوساندنەوەی سەرمایەداری دەکەن، چونکە داننان بەم ڕاستییەدا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان وەک چینێکی چەوسێنەر ناگونجێت. هەر بۆیە دەبینین بەرژوازییەت چاوپۆشی لەم ڕاستییە دەکات.

پەگەی کرێکاران لەمە جیاوازە. چونکە بەرژەوەندیی ئاوان، وەک چینێکی چەوساوە کە دیاوەت کەتوبەندی چەوساندنەوە تێکبشکێنێت، لەوەدایە کە ڕووبەڕووی سیری جیهان بکەن. چینی چەوسێنەر پەیوستی بە درۆ هەیە بۆ بەردەوامبوونی چەوساندنەوە، لە کاتێکدا چینی شۆڕشگێڕ پەیوستی بە ڕاستی هەیە بۆ لەناوبردنی چەوساندنەوە. ئەم چینە پەیوستی بە تواناینێکی ڕاستگۆیانە هەیە بۆ جیهان کە یارمەتی بدات ئارکە شۆڕشگێڕییەکەی بە باشترین شێوە جێبەجێ بکات. ئەم تواناینە ڕووبەڕووە بە جیهان بریتییە لە «ماتریالیزم»، بەو هەیاوە بووەتە فەلسەفەی چینی شۆڕشگێڕ؛ فەلسەفەی ئاو چینەی کە بەرژەوەندییەکەی لە تێگەیشتن لە کۆمەڵگادایە بە ڕزگاربوون لە چەوساندنەوە، و بەم شێوەیە مارکسیزم دەبێتە فەلسەفە زانستییەکەی کرێکاران.

ئەندرێ ژدانۆف دەڵێت:

«دەرکەوتنی مارکسیزم وەک فەلسەفەیەکی زانستیی چینی کرێکاران، بووە هۆی کەتاییهاتنی سەردەمی فەلسەفەی کۆن، کاتێک فەلسەفە کاری

گۆشەگیرەکان بوو لەناو قوتابخانەگەلەکدا کە لە ژمارەیەکی کەم لە فەیلەسووف و هاوڕێکانیان پێکهاتبوون، کە دوور لە جیهانی دەرەوە دژیان، لە ژیانی گەل دابڕابوون و وەک نامۆیەک بوون بەرامبەری. مارکسیزم قوتابخانەیەکی فەلسەفی نییە لەم جۆرە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، وەک تێپەڕاندنەکی فەلسەفەی کۆن دەردەکەوێت دوای ئەوەی کە فەلسەفە تەنها لە چەند کەسێکی هەڵبژاردەدا لەناو ئەرستۆکراتییەتێکی هزریدا قەتیس کرابوو؛ هەروەها سەرەتای قۆناغێکی نوێیە کە تێیدا فەلسەفە دەبێتە چەکێکی زانستی لە دەستی چینی کرێکاران کە لەپێناو ڕزگاربوونیاندا خەبات دەکەن».) سەرچاوە:- بنەما سەرەتاییەکانی فەلسەفە -/ فەلسەفەی شۆشگۆ: فەلسەفەی کرێکاران- جۆرج پۆلیتزەر.

پەراوێزەکان:

(١) ئەو دەقە لەم بۆگەیەدا هاتووە:" بەڕام ئۆگەر بنیاتنانی داهاتوو و یەکلاکردنەوەی هەموو شتێک بە هەموو سەردەمەکان کاری ئەمە نەبێت، ئەوا ئەوەی کە دەبێت لە ئێستادا ئەنجامی بدەین زۆر ڕوونترە: مەبەستم ڕەخنەی بەبەزەییانەیە لە هەموو ئەوەی کە هەیە؛ بەبەزەییانە بەو مانایەی کە ڕەخنەکە نە لە دەرەنجامەکانی خۆی بترسێت و نە لە پێکدادان لەگەڵ دەسەڵاتە باڵادەستەکانی ئێستا." – کارل مارکس (نامە بە ئارنۆلد ڕوگە، ئەیلوولی ١٨٤٣). هەروەها مارکس وتوویەتی:«بەدەنگبوون لە ئاست هەڵدا بەبێ بەرپەرچدانەوەی، بە هاندان بە بەدەوشتیی فیکری دادەنرێت»؛ مارکس پێی وایە بەدەنگبوون لە ئاست بیرێکە هەڵگاندا یان پاساوهێنانەوە بۆیان، ڕەفتارێکی ئاخلاقییە لە ڕووی فیکرییەوە؛ چونکە بڕوودان بە هەڵە ناتوانێت خزمەت بە جەماوەر بکات، بەڵکو بەشدار دەبێت لە شێواندنی هۆشیاریی‌یان و هەشتنەوەیان لە دۆخێکی سەرلەشێواویی فیکریدا، لە بری گەیشتن بە حەقیقەتی زانستیی شۆشگۆیان.

برایەم زەبەک لە سلەمانییەوە..

جوتیار مەلا رەئوف

کاتێک لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی؛ گوتم لە قسەکانی شاسوار عەبدولواحید گرت کە پێکهێنانی دوو هەرەمی وەک بژاردەیەک خستە ڕوو و لە هەمان کۆنگرەدا گوتی دژی لەتکردنی هەرەمیش، ڕەکاورەک کارەکتەری (برایم زەبەکی) عەزیز نەسینم هاتوە بیرو پێش چاو، برایم زەبەک هەوڵی دەدا بڵێ نفووز پەیدا بکات کە خەڵک وا تێبگەیەنێت لە پشت قسەکانی هەزەکی مەزن هەیە و دەستی بە هەموو ناوەندەکانی بەیار دەگات، توانای هەموو ئاوگرەکی لە دەستەڵاتی شارەوانیەکاندا هەیە و دەتوانێت هەرکەسێکی بیەوێت دایبنێتوو لای بەبات، من هەمان ئەو کارەکتەرە لە قسە و هەڵسوکەوتەکانی شاسواردا دەبینم، لە کاتێکدا ئەو هەشتا لە سلەمانی نەیتوانیوە دەسەڵاتی خۆی لە گوندی ئەمانیدا یەکلابکاتەوە، کەچی بە پشتبەستن بە هەزی هاوپەیمانێتیەکەی لەگەڵ یەکێتی، وا قسە دەکات کە گوایە دەتوانێت هاوسەنگیی هەز لە هەولێر و دهۆک بە زیانی پارتی و ماڵی بارزانی بگۆڕێت، کە من پێم وایە خەیاڵی هەزی ئەو بانگەشەیە بەراستی زۆر دەنکیشەتانەیە.

بە بەچوونی من، شەرمەزاریی ئەو هەوڵستە لە ڕووی نیشتمانییەوە لەوەدایە کە چارەنووسی هەرەم دەخاتە ناو مامەڵەیەکی تەواو حیزبی و بەرژەوەندی کەسییەوە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا بافڵ تاڵەبانی لە هەڵەشەی دابەشکردنی هەرەم دەستی بە دانوستاندن لەگەڵ پارتی بەهێزتر دەبێت؟، ئایا شاسوار بەو هاوپەیمانییە لە ملمەلانێی دوو حیزبی دەسەڵاتدا دەتوانێت شوێنێک بە خۆی بکاتەوە؟، ئەدی ئەو بەشەی خەڵکی سلەمانی کە پشتیوانیی ئەو هەوڵستە دەکەن، ناپرسن لە بەرامبەرئەوەدا چی بەدەست دەهێنن؟ ئەگەر سبەی بافڵ تاڵەبانی و پارتی لەسەر پێست و دەسەڵات خەڵک بکەون، لەو بانگەشەیەی جیاکردنەوەی هەرەمی سلەمانی و دوو لەتکردنی کوردستان چی بە خەڵکی سلەمانی بەدەست دێنێت؟

من پەموایە شاسوار و پشتیوانانی ئەو هەوڵستە دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، کە بەچی خەڵکی سلەمانی دەبێت چارەنووسی سیاسیی خەیان وەهەوێستە نیشتیمانیاکانیان بە سەرکەوتنی بافڵ تاڵەبانی لە ملمەلانێ لەگەڵ پارتی و ماڵی بارزانیدا ببەستنەوە؟ بە دڵنیاییەوە مەڕوو لە وانە دەپرسێتەوە کە چییان بە خەڵکی سلەمانی بەدەست هێنا و بە بەدەستهێنانی چی ئامادە بوون تانانێت یەکپارچەیی هەرەمیش بخەنە سەر مەزی مامەڵەکردنەوە، ئەگەر دەستکەوتەکە چەند پێست و دەسەڵاتێکی زیاتر بە هاوپەیمانێتیەکەی ئەو دوو هەزە بێت، ئەوەی

بەیان دەمێنێتەوە تەنها و تەنها شەرمەزاری و ئیحراجیەکی سیاسیە لە بەرامبەر مێژوودا.

جوتیار مەلا رەئوف

«مرۆڤی ڕاستی/ مرۆڤی خەیاڵی» واقیعی شکاو لە شیعری نارین ڕەستەمدا.. ئا: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

لە ئاسۆی شیعریی نارین ڕەستەمدا، واقیع لە پێناسە تەقلیدیەکەی هەڵدەتەکێت و دەبێتە مەیدانی پێکدادانی دوو دەخی وجودی دژبەر و لە هەمان کاتدا پێکەوەگرێدراو: یەکەم: چەمکی"مرۆڤی ڕاستی"- ئەو بوونەوەرە ڕەسەن و ناوکییەی لە ناخی جێگیری، دڵنیایی ژوورە تاریکەکان و پانتایی سارد و بێدەنگی کەڵانەکانی مێژوودا جەماوەر. دووەم: چەمکی"مرۆڤی خەیاڵی"- بوونەوەری نەو فەزای مەجازی شاشەکان و گەڕاوی تەڵەکان و گومانی ژیان کە وەک دەڵاوکە یان زەوەنێ خەی نمایش دەکات. دەتوانین بڵێین نارین ڕەستەم، لەڕێگای ئەم دوو دەخەوە، ناخودئاگای (مرۆڤی ڕاستی) و فریوی (مرۆڤی خەیاڵی) دەنووسێتەوە.
(کاروان کاکەسوور، لە نووسینێکدا بە ناونیشانی، بەرواژ- لە ناونیشانەوە بە شەواز) دەڵێت: "کاتێک شیعر وەک گوتارێکی سەربەخۆ خەی دەردەبڕێت، کە مانای شتەکان بەرواژ بکاتەوە. ئەو پرسیارەش گواستنەوەیە لە دنیای شمەکەوە بە دنیای ئاماژە." بەو مانایەی کە شتەکان لە دنیای شمەکدا تاکەهەندن و ڕاستەوخۆ لەڕێی سەرچاوەوە (ڕاستی) مانا کانیان دەگەیەنن؛ بەڵام دنیای ئاماژە لە دەسەڵاتی سەرچاوە و ئاڕاستەکردن ئازادن و لە کێشە و قاڵبەکان دەردەچن (دەچنە خانەی نمایشەوە)؛ هەر توخمێکیش لەو بەشایەوە ناسنامەی خەی دروست دەکاتەوە، وەک چۆن دەتوانێ بەردەوام ناسنامەکەی تەک بشکێنێت و هیی تری لە پەک بهێنێتەوە، چونکە لەبەرانبەر خوێندنەوە

و ڕاڤە جیاوازەکاندا، کراوەیە.. (بەڵام ئیتر نارین ڕەستەمی شاعیر بە تەنها خۆی نمایش ناکات، خوێنەرانیشی دەکاتە کاراکتەرێکی دانەبراو، لە وێنە شیعرییەکانیدا.)

بەمجۆرە شیعری نارین ڕەستەم، دەبێتە زمانی ناڕاستەوخۆ بە خۆدەربڕین (خۆیاڵی دەربڕین). فرەدەنگی و فرەهەندیش بەرهەمی ئەو ناڕاستەوخۆییە.. کە کەمەک ئاڕاستەی جیاواز و هەندجار دژبەیەکە لە ئاسمانی دەقدا بەریەک دەکەون و شیعرییەت نمایش دەکەن. (مەریوان وریا قانع)، لە وارەکەی خۆی «لە فەسبوکەوە» دەڵێت: « نارین لەچەند دێڕێکی کەمدا دەخێکی ئاڵۆز و فرەلایەن و پەهەما و دەلالەتی جیاواز دروست دەکات، دوور لە دروشمبازی و زمانوانیی فەرمی زیاتر کار لەسەر دەڕاوکە، تەنهایی، خەمۆکی، و گۆشەگیریی مرۆڤی هاوچەرخ دەکات.»

شاعیر لە دەفتەرە سەیروسەمەرەکانییەوە جیهانێک لەسەر بناغەی نامەبوون دروست دەکات، نێک لەبەر ئەوەی بەوای بە (تێگەیشتن)ی بوونی ڕاستی نییە، بەڵکە لەبەر ئەوەی «تێنەگەیشتن» لە فەزای مەجازییدا دەشارێتەوە! لەرەوێیە دەتوانم بڵێم شاعیر لەڕێگای نمایشکردنی زەوێنەوە قایلی ڕاستی بە خۆیا هەڵدەتەکێنێت.

ئەلبێر کامو دەڵێت: "ئێگەر دنیا هوون و سازگار بوایە، هەرگیز پەیستیمان بە ئەدەب و هونەر نەدەبوو- لە ڕوانینێک لەبارەی شیعری نارین ڕەستەم، موحسین ئەحمەد عومەر دەڵێت: شیعری نارین ڕەستەم، تەواوکەری ئەم پەیستییە مەعریفییەیە؛ نووسینەوەی ئەو تاریکییە نەمرەیە کە لە قووڵایی ناخودئاگادا دەجەنگێت." هەر بەو مانایەش شاعیر بەدوای مانا لەدەستچووەکانی واقیعی تێکشکاودا دەگەڕێت (بەڵام بە نمایشکردنی جیهانی زەوێنەوە)وە…

هەبەتە شاعیر ڕستەکان لە دوای یەک ڕیز ناکات، بەڵکە نەشتەرگەرییەکی وجودی بە بوونەوەری (ڕاستی) بەجەماوی نەو مەژوو دەکات. بەیە (نامەیی) لە دەقەکانیدا تەنیاییەکی سادە نییە، بەڵکە داماڵینی (تێگەیشتن) و گوزارشتکردنە لە شکانی پەیوەندییە مرۆییەکان لەمەڕی جیهانی (تێنەگەیشتن)دا، جیهانێک کە دەڕاوکە تێیدا تاکە فریادڕەسە و (مرۆڤی بەجەماوی نەو مەژوو) تاکە وێنەیەکی دەستکاریکراو، یان بگشتی مرۆڤ تێیدا ئامرازێکە، بە ترس و دەڕاوکە و نامەیی بەیە کراوە.

نارین ڕەستەم لە دەقەکانیدا ڕەخنە لەو فەنتازیا بەتاڵکراو و (تێنەگەیشتن)ە دەگرێت کە مرۆڤ ناچار دەکات لەبەردەم شکستی یەتەپیا مەزنەکاندا، پاشەکشە بکات و وەک کیسەڵێکی کەمبارسی زانیارییەکان بگەڕێتەوە ناو قەپڵکەکەی خۆی، بە ئەوەی بزانێت چۆن جارێکی دیکە دێتە دەرەوە؟! شاعیر دەبێتە دەنگی ئەو دەڕاوکێیەی

کە لەنێوان تاریکی ناخودئاگا و سەبەری ساختەی تەکنەلۆژیادایە، بەدوای مانای ونبووی (زانیارییەکان)دا دەگەڕێت. بە کورتی ئەو جیهانەی شاعیر دەیخولقێنێت، جیهانێکی سازگار و خاوەن نییە، بەڵکە جیهانێکی تەم و مژاویە و پڕە لە دیمەنی پەکدادانی دوو جەمسەری تاریک و زەوێنەیە، بۆیە لە دەڤاوکێ نابێتەوە.
(نارین ڕەستەم سەلام)، لە ساڵی ١٩٩٢ لە گەڵەکی ئازادی شاری هەولێر لە دایک بووە. کەلەژی هونەرە جوانەکان- بەشی (دەرهێنانی شانۆیی) تەواو کردووە. لە پاڵ ئەدەبیات، دە ساڵ وەک ڕۆژنامەنووسێکی ئازاد کاری ڕۆژنامەوانی کردووە. جگە لە کۆمەڵە شیعری (بەرواژ) کە لایەن وەشانی نووسیارەوە ساڵی (٢٠٢١) بۆ چاو کراوەتەوە؛ خاوەنی کتێبێکی بچکۆلەی شیعرییە بە ناوی (پاڵەوانە کارتۆنییەکە) کە لە ساڵی (٢٠١٣) چاپ کراوە.
نارین ڕەستەم لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: "من لەلام باشە هەتا ماوم خەیاڵ بکەم" ئەم دەڵێ، سەرەڕای سادەییەکەی، هەڵگری قوواییەکی گەورەی وجودییە. تەنها گوزارشتێکی ئاسایی نییە، بەڵکە بەیاننامەیەکی سەربەخۆی دەڤاوکێیە؛ بەرگرییەکی مەعریفییە لەو مەملەکەتە ناوکییەی کە دەتوانێت تاک لە پشەویی جیهانی دەرەوە و گوشاری هەمەجۆری ژیان ڕزگار بکات. کاتێک مرۆڤ دەگاتە ئەو باوەڕەی کە لەگەڵ خودی دەڤاوکێ لە ئاشتیدایە، جیهانی دەرەوە بە هەموو ژاوەژاو و قەیرانەکانییەوە بەهای خۆی لەدەست دەدات و خەیاڵ دەبێتە جۆرێک لە «پەناگەی ناوکی»؛ خەیاڵ دەبێتە شوێنێک کە هیچ هەڕەشەی دەرەکی ناتوانێت دەستی بە درێژ بکات یان سنوری بۆ دابنێت. بەو مانایەش وشەی «خەیاڵ» تەنها وێنەیەکی تەمومژاوی وێنا ناکات، بەڵکە مانای نائومێدی و نیشتمانی نیگەرانی و جیهانی ڕاستییە تێکشکاوەکان دەنەخشێنێت. بۆیە «هەتا ماوم» بە زەوێنەوە دژێم- کە دەڤاوکێ دەیەوێت. «هەتا ماوم» لەو واقیعە تێکشکاوە- مرۆڤ خاوەنی سەروەریی نییە.. «هەتا ماوم» دەڤاوکێ ژیانە- هەڵدەکات و هەناسە دەدات. ئەگەرچی مرۆڤ لە ژێردەستییدایە، بەڵام هەتا ماوە گەرانی بە واقیعی تێکشکاو دەڤێت- بەردەوام دەڤاوکێ تەرجەمەی ئازادی دەکات! ئەگەرچی دەڤاوکێ دەیخوات، بەڵام بە دەڤاوکێوە خاوەنی خەیاڵی خەیاتی و خەی بۆیار لە نمایشکردنی وێنەکانی خەی دەدات.

(چەند شیعرێک لە شیعرەکانی نارین ڕەستەم)

فەتشپ

هەرجارەی ترس چەنووکی

لە ماڵەکە گیر
دەکرد،
لەگەڵ ڕۆژباشی خەر
دایک و کوڕەکە
دەمیان بەرەو ئاسمان دەکردەوە
تا
پەرجوویەک بکەوێتە
خوارەوە.

دوای شەوشادی خەر...
نەرەی باوک و کچەکە
دەهات،
بە دەزینەوەی گسکەکی کارەبایی
کە ترس هەبمژێت...
یەکەکیان دەستی ڕاستی
زەوی و
ئەوەی دیکە
دەستی چەپی دەگرتە بەر.

کامەراکەی خوا...
بەشی ئەلبووملک
وێنەی دووقۆڵی دایک و کوڕەکەی
بە دەمی کراوەوە
کاتێک چاوەڕوانی پەرجوون
گرتووە و
نازانێت چۆن بەیان بنووسێتەوە!

لە کامەرای ڕۆژنامەنووسانداا...
باوک
کەوتووەتە ناو خەیاڵاندنەکان و
دەستی کچیش
لە گسکەکی کارەبایی گیر بووە،
فڕێشەپ نەبێت
هیچ شتێک بە لای یەکتریان
ناگەنێتەوە.

لاساییکردنەوە

ئەگەر لاسایی سەندرەلام
بکردبایەوە،
کراسەکی ئاسمانیم دەپۆشی
ئەستێرەکانت...
دەبوون بە قەپچە و
لە پەمان نەدەچەقین.

ئەگەر لاسایی باتمانت
بکردبایەوە،
بە ترسی خلیسکان...
بەسەر دیواری خەونەکاندا
بازت دەدا،
پەلاوە دزراوەکانمت
دەدەزینەوە و
لەژێر قەرەوەلەکەمدا داتدەنانەوە.

لاسایی تەم و جەریمان
بکردبایەوە،
پێش کەتایی،
دەگەڵاینەوە سەرتا و
دوای کوژانەوەی شاشەکانیش
بە شوێن یەکتریدا ڕامان
دەکرد.

بەڵام ئەمە...
لەم هەموو پاڵەوانی فیلمە کارتۆنییە،
لاسایی کیسەڵەکی
کەمبارسمان
کردەوە.
چاومان داخست و
گەڵاینەوە ناو قەپلەکەکانمان
ئێستا نازانین
چۆن بینە دەرەوە!

وەک

بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی برسێتییەوە،
واز لە شیعر دێنم.

بە ستێک ئاو،
کتێبەکان دەکەموە بە هەویر و
دەچمە باکەن.
شتەکەی گێک
بە لایتەکەی
ئاسمان ڕووناک دەکاتەوە و
زمان لە فێکەیەکی بفڕکەوان دەردەهێنێت.
خاوێنماڵەکەم
کاتژمێرەکەی لەگڵ مافوورەکاندا برد
بەیە نازانم چەند خولەک دواترا!
گرمەیەک دێت و
پاشان دووکڵ…
لایتەکە
زەوی ڕووناک دەکاتەوە و
شتەکەی گێک
کەمک لە دووریی قێکانیەوە
پشوو دەدات.
درەنگ نەبا،
جنەوم پێی دەدا و
دەمبڵاند:
برسیمە!
بە ئاوەی نەبیت بە شیعر،
زمانت ببە ژوورەوە و
پێش ئاوەی درەنگ دابێت،
بگەڕەوە بە ماڵەوە!

سەرچاوەکان:

- بەرهەواژ لە ناونیشانەوە بە شێواز، کاروان کاکەسوور- https://www.knwe.org
- Mariwan Kanie. مەریوان وریا قانع. Facebook.

- ڕوانینێک لە بارەی شیعری نارین ڕەستەم، موحسین ئەحمەد عومەر، https://www.regaykurdistan.com
- ژیان لە فەرهەنگدا: نارین، دەنگی ئەمریکا- ›
- نارین ڕەستەم، (٢٠٢١)، بەرهەواژ، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگەی نووسیار.

هـــــاوڕێیەتیی و مـــــوچەی کەمئەندامان و ڕەشنـبیری زۆر.. نەوزاد بەندی

ناچارین دیسان بە جوملە چەند ووتارێک بنوسین، چونکە ئەستا خەڵکەکە تاقەتی موفڕەدی نەماوە .. بە سندوق هەنار و لالەنگیی و تەماتە ئەکەن ..بە دەستە فەچە و هەویری ددان شتن و بە کارتەنیش سابون ئەبەنەوە بە ماڵەوە .. وای لێهاتووە نووسەرەکانیش سێ چوار کتێب پێکەوە چاپ ئەکەن و .. بە خۆایی پێشکەشی هاوڕێ و هاوئاوازەکانیانی ئەکەن، هەشتا خەڵکەکە لێ ڕوو دانامێنن و نایانخوێننەوە، ئیتر وەک دەڵێن سەردەمی هیچ و پوچیی و گەمژەییە، بە نمونە لەم ماوەیەدا خانووفرۆشێک لەو دەشتی شارەزوورە پەیدا بووە لە ڕێکلامەکانیدا ووشەی (ئۆشەنوبیللا) زۆر دووبارە ئەکاتەوە، ئەمەیش وایکردووە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی و پارتی و پەیجەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرەی بە بگرن بە چاوپێکەوتن و مەزگرد و دیبەیت سەبارەت بەو داهێنانە سەقەتەی کە لە بنچینەدا ئەشهەدوبیلایە، بە جۆرێ کابرایان گەیاندە حاڵێک هەن هەن ئەگریا، چونکە قەت چاوەڕێی ئەو هەموو مایک و ڕاگەیاندنەی نەدەکرد بەنە حەزوری لە کاتێکدا سەدان داهێنەر لەو دەشتی شارەزوورە کەووتەی داون، کەناڵێک بەسەریان ناکاتەوە ..

ـــــ هاوڕێیەتیی ـــــ

برادەرێک لە ڕێی تەڵەی مەسنجەرەوە داوای لێکردم دەربارەی هاوڕێیەتیی ووتارێک بنوسم ..

سەرەتا هەستم کرد هاوڕێیەتیی وەک ئەکسجین و ئاو وایە، لەسەر نوسینی شتێکی زیادەیە، چونکە هەموومان دوور و نزیک هاوڕێیەتییمان بە کارهێناوە یان هاوڕێیەتیی بەکاری هێناوین ..بەڵام کە لێی وورد بووەوە، بەم دەرکەوت هاوڕێیەتییش بار و دۆخی جیاجیای تێدایە، کە دەکرێ لە چەند گۆشەنیگایەکەوە تێی بڕوانین.

دواین پێغەمبەر ئاماژەی بە هاوڕێیەتیی داوە بەوەی کە پێویستە ئاگادار بین کە دەکەین بە هاوڕێ، چونکە هاوڕێ لەسەر ئایینی هاوڕێکەیەتی.

فریدریک نیتشە ئەڵێ : مرۆڤ پێویستی بە هاوڕێیەکە ڕزگاری بکات چونکە کاتێ کە تەنیایە لەناو خۆیدا نقوم ئەبێ.
لە پێش سەربەخۆیی و ئازادیی نیشتمانییدا، هاوڕێیەتیی بریتییە لە کەبووندنەوە بە مەبەستی شۆڕش و تەقینەوە ..هەر بۆیە لە سەردەمی بۆعەس و هەموو سەردەمەکانی دیکتاتۆرکاندا، چەند گەنجێک کەبووبتنەوە، بڕاوبیان پێکراوە و بە گومانەوە تەماشای هاوڕێیەتییان کردووە ..
هەموو شۆڕشەکان لە ڕێی هاوڕێکانەوە و بەسەر پردی هاوڕێیەتیدا تێپەڕبوون، تەنانەت پێغەمبەرانیش بە هۆی هاوڕێکانیانەوە توانیویانە پەیامەکانیان بگەیەنن، یوحەنا و ئەندراوس و یەهوزا هاوڕێی نزیکی عیسا بوون هەتا پەیامەکەیان سەرخست و بڕاو کردەوە ..
یوشەع و هارون و شوعەیب هاوڕێی نزیکی موسا بوون لە پێناوی سەرخستنی پەیامەکەی..

ئەبوبەکر و حەمزە و عەلی و عومەر و بیلال یش هاوڕێی نزیکی موحەمەد بوون لە شۆڕشە ئاینییە مەزنەکەیدا بەسەر زوڵم و کۆیلایەتیی و بت پەرستیدا ..
شۆڕشی ڕێنیسانسی ئەوروپا، لە ڕێی کۆمەڵە هاوڕێو ڕاگەیەنراە، دانتی و ڤەرگیلی و بەکاشیۆ و تەماس مەر و ئەوانی تر..
کەواتە لەسەردەمی زوڵم و ژێر چەپۆکیی و نەهامەتییدا، هاوڕێیەتیی ئەبەتە پەیام بە شۆڕش و گۆڕانکاریییەکان .. هەر بۆیە ئەو هاوڕێیەتییە ئەبەتە گەورەترین پەیوەندیی مرۆڤایەتیی، زیاتر لە هەموو پەیوەندییەک، چونکە هیوای ڕزگارکردنی کۆمەڵگاکانی تێدا سەرهەڵدەدات و مژدەی ئازادیی و دادپەروەریی بە گوێی ملیۆنەها کەسدا ئەدات.
کاتێ هەموو گەلانی هیند دەبنە پشت و پەنا و هاوڕێی سەرکردەیەکی خەبەخشی وەک گاندی ..کاتێ هەموو ڕوسیا ئەبنە پشت و پەنای سەرکردەیەکی وەکو لینین ..هەموو مالیزیا ئەبنە هاوڕێی گیانی بە گیانیی مەهاتیر محەمەد، ئیدی ئەو ووڵاتانە ئازادی و سەربەخۆیی و دادپەروەریی ئەبنە نزیکترین دەستکەوتیان ..
بەڵام لە کۆمەڵگا نەخۆشکاندا، وەکو کۆمەڵگای خەمان، هاوڕێیەتییش ئەکەوێتە ناو زەنگاوی خیانەت و براکوژییەوە، وەک چۆن ئایین و زانست و هونەریش بەو لاڕێیانەدا براون.. تەماشا ئەکەی هاوڕێکان خیانەت لە یەکتری دەکەن و ..لەک دەترازێن و شۆڕی ناوخۆ ئادەگیرێنن و …برسێتیی و قات و قڕیی ئادەگیرێنن .. جەرگەها دەستە و تاقم و حیزب و هەز و تیرە و بنەماڵەی دژ بە یەکتری قوت

ئەبنەوە، لەردا ئیتر هاوڵاتیی ئەبەتە تەنیا و بە قاچی مرۆڤ خشاوە و سادەکاندا ئەتۆقێ.. زەرن ئەوانەی بە دەستی خیانەتی هاوڵاتیانەوە بە شەرەفەکانیان، ئیخباریی و قەتڵ و عام کران.
هەر بۆیە لە قەناغی پێش ئازادیی و سەربەخۆیی و دادپەروەریدا، هاوڵاتیانی ئاستەقینە لە دەوری مەزی نەخشەکێشانی شەش و گەنانگاریدا ئەسوڕانەوە، بەجگە لەوە، هاوڵاتیانەکی نابەکام و هەرزە و منافانە هەیە، لە کاتەکدا نیشتمانەکەت لە ژێر پێی مافیا و داگیرکەرکاندایە، کەچی هاوڵاتیان خەریکی نەرگەلەکێشان و شەونخوونیین بە دیار فیلم و فتبۆڵ و شەراب و حەز و ئارەزووکانیانەوە..
بەگومان دەستاتی دیکتاتەری دز و مافیا، هەمیشە گرنگی بەو کەنالە و جێگایانە دەدات کە هاوڵاتیانی دژە شەش دروست ئەکەن، هاوڵاتیانی مەدەل و سێکس و غەریزە ئاژەڵیەکان و دوکڵ و خواردنەوە و خولە وەرزشیی و دراما دوور ودرێژە بسوودکان ..
هەر بۆیە پۆیستە کەمەگا بەدبەخت و گیرفانبڕاوکان زەر ئاگاداری ئەو دوو جەرە هاوڵاتیانە بن و ..بزانن کامیان سەریان بەرز دەکات و .. کامیان ملیان کەچتر و کەچتر ئەکات، تاکو بتوانن هاوڵاتیانی گەنانکاریی و شەش هەبژێرن لە پەناوی بەدیهێنانی ژیانەکی شایستە و شەرەفمەندانەدا.

ـــــ موچەی کەمئەندامان ـــــ

تەنژەک لە کەمەگادا هەیە، پەیان ئەوترێت کەمئەندامان یان کەمتوانایان خاوەن پەداویستیی تایبەت . . ئەمانە بە هەکاری زگماک و جەنگ و کارساتەکان ئەندامەکیان لە دەست داوە ..لەبەر ئەوە حوکمەتی بەرحمی!! کوردستان موچەی 150هەزار دیناری بە بیونەتەوە، کە بە نرخی ئەمڕۆ، کەمتر لە نیو بەرمیل نەوت دەکات.
ئەم موچەیە مانگانە لە شوێنکی چاڵ و نشێوی قەراغ شار دابەش ئەکرا، کە هیچ هەکارەکی حەسانەوە و دانیشتنی تێدا نەبوو، تەنانەت تەوالێت و بەلوعەیەکی ئاوخواردنەوەیشی تێدا نەبوو، هەتاوی هاوین و بارانی زستان ئاستەوخۆ بەر سەر و پێتاکی ئەو مرۆڤە ناساغانە ئەکەوتن ..
ساڵێک پێش ئێستا، بە ووردیی ئەو شوێنە ناخۆش و پڕ لە ئازار و نەهامەتییەم لە ووتارێکدا وێناکرد و لە چەند ڕۆژنامەیەکدا بڵاوم کردەوە، هەروەکو چۆن باسی فەرمانگەی خانەنشین بوونم کرد کە بە 25 پلیکانە، ئینجا ئاگەیتە لایان ئەوێش دیاری دەستی دەستاتە بە

خانەنشینەی پیر و پەککەوتە و نەخۆشەکان، کە ئەبێ 25 پلیکانە ببڕن جا ئۆگرنە فڕمانگەکەیان.
بە هەرحاڵ بیستم فڕمانگەی دابەشکردنی موچەی کەمئەندامان گواستراوەتەوە بۆ گەڕەکی خەبات . . لە دەی خەمدا ووتم سوپاس بۆخوا، وا دیارە پارێزگارەی دەسزەکەی سلێمانی و کاربەدەستەکانی جێگایەکی مەدەرن و شیاویان بۆ ئەو کەمتوانایانە دروست کردووە تاکو بە ئارامیی و حەوانەوە، موچەکانیان وەربگرن ..
بەڵام کە چووم شوێنەکە، هەزار زەحمەتم بۆ شوێنەکەی پێشوو نارد ..
مارکەتی کابرایەکی سیاسییان بۆ کرێگرتووە، لە شوێنەکی نشێوی کەڵانەکی قۆگەدا، بەرامبەر گەڕەکی خەبات .. لەبەردەم مارکەتەکەدا پۆلیس وەستاوە ، سەدان کەمئەندام دەوریان داوە، کابرای پۆلیس هاوار ئەکا : هەوێکانتان بڕنن وبڕۆن لەسەر ئەو گردە چاوەڕوان بن !! ..لەسەر گردەکەیش سەدان کەمتوانا چاوەڕوانە ..
کورت و کرمانج، زۆربەیان زیاتر لە چوار جار، بۆ تەکسی هاتوونەتە ئەو شوێنە و..بۆ دەستی بەتاڵ و بۆ بە موچە گەڕاونەتەوە ، چۆن موچەیەک؟ تەنها سەد و پێنجا هەزار..
هەوە بدەن، بار و دۆخیی جێستەیی و دەروونیی ئەو مرۆڤە خاوە پەداویستییە تایبەتانە بهێننە بەرچاوی خەتان لەبەرامبەر هەشکیبێت و دڵسۆزی ئیدارەیەکی هاکەزایی و بەخەم و بەبەزەیی و بە پلان و بە هەموو بەهایەکی مرۆیی.

هەبی موی لە بە زمانی پێنجکانی هەورە
هەرکەسە گوشتن بە دەردی گوخەنی دەزخ بڕە

ـــــ هەشتەمیری زەردە ـــــ

جیاکەرەوە و سیفەتەکانی ئەم جۆرە زەمانە یان ئەم جۆرە هەشتەمیرانە زۆرن، دیارترینیان :
یەکەم : هیچ ئیشێک ناکەن، کەچی ژیانێکی شاهانە ئەژین، کەشک و تەلارو ئوتومبیلی گرانبەها و گەشتی ووڵاتان و هەموو هەس و کەوتکی دەوڵەمەندەکانیان تەدایە بە بە ئەوەی پوشێک بخەنە سەر پووشک، بە بە ئەوەی بەیانییەکی زوو لە خەو هەستن بچن بە کرێکاریی یان بچن بە فڕمانگەیێک و لەسەر کورسی و مێزێک ئیش و مامەڵەی هاووڵاتیان هەڵبژێنن .. هەرگیز .. ئەمانە هیچ جۆرە ئیشێکی ماسولکەیی و هزری ئەنجام نادەن.

دووەم : قسەت لەگەڵدا ئەکەن، بەڵام چاویان بە گۆشەی 180 پلە و

هەندێ جاریش بە گۆشەی 360 پلە ئەسوڕێتەوە و چاودێریی چواردەور و پشتەهات و کەسایەتیی و هێواوەکان ئەکەن.. ئەوە بە ئاوێنە کەسێکی تەزەک لە تەشت بدەستتر ببینن، یەکسەر ئەیانە حزوری و تە پشتگوێ ئەخەن .. ئەو چاو هێنان و چاوبردن و تەقلیدان بچاو و مالکردن بچاو و دەستەژکردن بە چاوە، مەرکەکی گرنگی ڕەشنبیرێ زەمانکانە، پلی ئەووترێ چاووەاو.

سێیەم : ئەم زەمانە یان ئەم ڕەشنبیرانە بە بە مایکی کەناڵەکان ناژین ..تەنگانەفەس ئەبن، وەکو ئامێری ڤێنتلەیتەر وایە بیان .. ئەبە بەردەوام لە بەرنامە و مەزگرد و دیبەیت و چاوپێکەوتنەکاندا دەربکەون و کورسیەکیان بە تەرخان بکرێ .. ئەمانە وەک چۆن ماسی بە بە ئاو ئەخنکێ، بە بە مایک و بەرنامە و کەناڵەکان ئەخنکێن ..خەیشیان ئەزانن ئەبنە جێی بەزاریی و جێت و هاوهوکەشانی بینەران، بەڵام ئەم زەمانە زۆر دوورتر ئەڕوانن، ئەمان ئەزانن بەم مایک و دەرکەوتنانە بە جۆرێ لە جۆرەکان ئەبنە هاوڕێ و هاوسۆز و کێلەی خاوەن کەناڵە پارەدارەکان .. بەو جۆرە بۆرە بۆرە ئەبنە توێژەری ڕەشنبیریی و لێکەڵێڵەری سیاسیی و ڕەنیشاندەر و ڕاڤەکاری دەسەڵاتداران..جا پارێ و ڤێلا و گۆشت و دیاریی لەو پێستانەدایە ..

چوارەم : ئەم ڕەشنبیرە زەمانە هیچ کەسێک دەرەقەتی دەمیان نایەت، چونکە دەم لای ئەم زەمانە تاکە ئەندامێکیانە کە ئیش ئەکات و پارە و سامانێکی زۆر پەیدا ئەکات، هەر بۆیە ئەتوانن بە چەندەها سەعات قسە بکەن بە بە وەستان بە بە هەڵەی چاپ و هەڵەی ڕێزمانیی .. لەم ڕووەوە زۆر بەتوانان.. ئەتوانن لە ماوەی پێنج خولەکدا کەسێکت بە بکەن بە دوژمنی گەل و نیشتمان، دوای ئەو پێنج خولەکە ئەگەر دەسەڵات بکەوێتە لای ئەو کەسە، یەکسەر بۆت ئەکەن بە کاریزما و سەرکردەی نیشتمانیی و سیمبوڵی نەتەوەیەک..ئەمانە شەرم ناکەن، لە هەموو گەڵانکاریییەکی گەورەکاندا، هەر لە تەڵە ئەخەن و لە ووشک ئەنوون .. تەنانەت دوای کەدەتا و جەنگ و شەڕشەکان، بە شێوەیەکی زۆر خێرا خۆیان ئەگۆڕن و وای نیشان دەدەن کە لە دەسەڵاتە ڕوخاوەکەدا، شانی نهێنیی بووبن و بە ئەوەی ئاشکرا نەبن، کاسە لێسیی و سەماکەریی و زوناژەنییان کردووە .. واتا خیانەتکانیشیانت بە نرخێکی زۆر گران پێ دەفرۆشنەوە..بە کورت و کرمانجیی، ئەمانە بە هیچ جۆرێک دەمیانت بە ناگیرێت، تەنانەت لە ناو لەشفرۆشەکانیشدا بە ڕووت و قوتیی بیانگریت، یەکسەر وات تێدەگەیەنن کە ئەوان بە مەبەستی دەرس دادان و ئامۆژگاریکردنی لەشفرۆشەکان لەو جێگایەدا بوون، ئە هەتاکو خەیشیان ڕووت

نەکەنەوە، گوێیان لێ ناگرن، هەر بۆیە ناچار بووین خۆیان ڕووت بکەنەوە..!

پێنجەم : هۆشنبیرە زۆرەکان کتێب و چاپکراویان زۆرە، بەڵام لە کتێبخانیاندا هیچ شتێکی نادزیتەوە تازە بێ، یان سەرنجت ڕابکێشێ، تەنها ڕێزکردنی پیت و وشە و ڕستەکانن، ئەیانخوێنیتەوە، هەست ئەکەیت نووسەکان پێیوەندییان بە یەکەوە هەیە و نە ڕستەکانیش یەکتری تەواو ئەکەن.. لە هەمووی خراپتر، لە چاپکردنی هەموو ئەو کتێبانەدا دینارێکی خۆیان خەرج نەکردووە، تەکەایان لەلایەن دەزگاکانی حیزب و دەسەاتەوە بۆ چاپکراون، ئیتر تۆ تێیان دەگەیت یان نا، ئەوەیان کۆشەی خۆتە.

شەشەم : دەرکەوتنی ئەم زۆرانە بۆ جل و بەرگی جۆراو جۆرەوە .. چەندین جلی کوردی، ڤانک و چۆغە و موادخانیی و کەواو وستە و فەقیانە و فەرەنجی و کوڵباڵ و کەوش و کەاش و جۆرەها جامانە و مشکی و چیت و گۆچان و خەنجەری دەبان و شتی کولتوریان هەیە، ئەمانە جلی ئیش و پارە پەیدا کردنن، بە هەموو بنەیەک جلی تایبەتیان ئامادەیە و یەکسەر بە بەردەم مایک و سکرینەکان ..تاکو زیاتر و زیاتر بەنە ناو دڵی سەرەک حیزب و سەرەک تیرە و هۆزە خاوەن پارە و پلە و پێستەکانەوە.

حەوتەم : ئەم هۆشنبیرە زۆرانە بەردەوام منەت ئەکەن بەسەر خەڵکدا، گوایا هەموو ژیانی خۆیان لە پێناوی سیاست و هۆشنبیریی نیشتمانیی و نەتەوایەتیدا خەرج کردووە.. گوایا هەموو لاویان لە زیندانەکانی ڕژمی گەڵبەگەڵەی پێشوودا خەسار کردووە و چەندین جار لە ژێر ئەشکەنجەدا ، مردوون و بەڵام خوا نیکوشتوون ..
ئەمانە بەردەوامن لە نیشاندانی خۆیاندا وەک قوربانیی و شەهیدی زیندوو، بەردەوامن لە منەتکردن بەسەر خەڵکیدا کە ئەگەر ئەمان نەبوونایە هەرگیز ئەمە دروست نەدەبوو، هەرگیز ئەو میللەتە ئازادیی و سەربەخۆیی بە خۆیەوە نەدەدی، لە کاتێکدا ئەم زۆرانە خۆیان جاش و داردەست و کاسەلیسی ڕژمەکانی پێشوو بوون، بەڵام وەک ووتمان کە ئەوەڕە دەم بخاتە دەمیان و پێیان بڵێ وانییە، هەر بە بزووتنەوەی دەم و گفت وگۆ و هونەرەکانی قسە و ووتاردان و سوێندی درۆ و زاراوەکانی شەهیدان و نیشتمان، کارەکت پەدەکەن، پێیان بڵێی داوای لێبوردن دەکەین جیقاراکان، ماندێلاکان،فریاڕەسانی نیشتمان .

هەشتەم : سیفەتێکی تری ئەم هۆشنبیرە زۆرانە ئەوەیە کە لە هیچ شوێنە دەرناکەون پارە و خەڵات و بڕاتی تەدا نەبێ.. هەرگیز

ووشەیەک بە خۆایی ناوبن، ووشەیەک بە بەرامبەر نانوسن .. هەرگیز لە باوکراوەیەکی میللیدا دەرناکەون و . .لایک و کۆمێنت وەوون کردنەوە بە بەرهەمی لاوێک نانوسن .. هەرگیز بەرنمایی کەسێک ناکەن کە پەویستی بە بەرنمایی و بەرنیشاندانە، بە پێچەوانەیشەوە کاتێ بەرنەیەکی حیزبیی و سیاسیی دەتە ئاراوە، بە سنگفراوانی خۆیانی پێ دەگەیەنن و ..وەکو قارچک لەبەردەم بەندگە و سکرینی ئاگیاندنە چەور و پارەدارەکاندا قوت ئەبنەوە و بە سەعات قسە ئەکەن و خۆیان شین و مەر ئەکەنەوە و ..بەرنامەی دەسەڵاتدارە گەندەڵەکان ئەگەیەنن کەشکەلانی فەلەک .. بە ئاستی زەڵە و حەرمزادەن ئەم بەشنبیرانە.

ئینجا سەیرەکی چواردەوری خۆتان و کەناڵ و ئاگیاندنەکان بکەن، بزانن بەژەی ئەو بەشنبیرە زەڵانە چەند زەرن …

دیسیپلینی حزبی و گۆشەپەدانی نیشتمانی.. هەڵە حەسەن

بەبازی چین لە حوکمڕانیدا زیاتر گرنگی بە دیسپلینی دامەزراوەیی، چاودێری ناوخۆیی و خۆبات دژ بە گەندەڵی داوە، پەکین ئەمە وەک هەنگاوێکی سیاسی و وەک بەشێک لە ستراتیژێکی فراوانتر دەبینە کە ئامانج لێی بەهێزکردنی حزبی دەسەڵاتدار، باشترکردنی کارایی کارگێڕی، بەردەوامیە لە پلانی گۆشەپەدانی درێژخایەنی وەاتدا،ووتکردنەوەیەکی تازەی سەرکی چین"شی جینپینگ"،سەبارەت بە بەیارنامەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی چین لەسەر پرسە سەرکیەکانی پەیوەست بە پەیەوکردنی خۆبەوبەری توند و تۆژدی حزب، تێگەیشتنێکی گرنگ لەسەر ئەوەی چۆن سەرکردایەتی چین پەیوەندی نێوان بنیاتنانی حزب، دیسپلینی دامەزراوەیی و گۆشەپەدانی نیشتمانی لێکدەداتەوە،ئەم بەڵگەنامەیە، کە لە پەیوەندی بە کۆبوونەوەی گشتی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندی بیستەمی پارتی کۆمۆنیستی چینەوە پەشکەش کراوە، گەیانەوەیەکی وردە سەبارەت بەو بەچاوکردنە سیاسی و دامەزراوەییانەی لە پشت ئەم بەبازەون و بەچوونێکی بنەڕەتیە لە فەلسەفەی حوکمڕانی چیندا: کارایی

سیستەمکی سیاسی تەنها بەستراو نییە بە ئامانجکانی گۆڕپدانەوە، بەکو بەستراوە بە هێز، دیسپلین و بڕپرسیارێتی ئەو دامەزراوانەی کە بڕپرسن لە جێبەجێکردنیان.

خەباتەوە بۆری حزب وەک ستراتیژی درژخایەن

یەکێک لە پێیامە سەرکیەکانی ووتکردنەوەکەی "شی جینپینگ"، ئەوەیە کە بەهێزکردنی پارتی کۆمنیستی چین لە ناوەوەدا وەک شتێکی بنەڕەتی سەیر دەکرێت بە پاراستنی توانای حوکمانی و پێشخستنی پرسەی مەدەرنکردنی چین، بەڵگەنامەکە خەباتەوە بۆری حزب وەک ئەرکێکی ستراتیژی درژخایەن دەناسێنێت نەک وەک هەنگاوێکی سیاسی کاتی، کە حزبی دەسەڵاتدار دەبێت بڕیاوام چاو بە ئیشوکار و ڕەفتاری خۆیدا بخشێنتەوە، کەموکوتیەیە دامەزراوەییەکان چارەسەر بکات، سەرپێچیەکان ڕاست بکاتەوە و توانای ڕێکخراوەیی خۆی باشتر بکات،ئەم ڕێبازە چاکسازی ناوخۆیی دەخاتە سەنتەری بڕنامە فراوانە سیاسی و گۆڕپدانیەکانی وەاتەوە،"شی جینپینگ" ئاماژە بە پرسی مژووویی ئەوەش دەکات کە چۆن حزبی دەسەڵاتدار دەتوانێت خۆی لە سووی هەستان و داکەوتن بەدوور بگرێت، لە ووونکردنەوەکەیدا، چەمکی خۆچاکسازی نوێنڕایەتی وەئامەکی گرنگ بە ئەم ئاستەنگە دەکات، ئامانجکە پاراستنی پاکێتی ڕێکخراوەیی حزبە لە هەمان کاتدا چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە دەبنە هۆی لاوازکردنی کاریگەرییەکەی بە تێپەڕبوونی کات،لەم دیدگایەوە، نوێبوونەوەی دامەزراوەیی تەنها بابەتکی کارگێڕی ناوخۆیی نییە، بەکو وەک مەرجکی پێویست بە پاراستنی جگیری سیاسی و پشتگیریکردنی گۆڕپدانی نیشتمانی درژخایەن.

خەبات دژ بە گەندەڵی

کێشەکەیەکی تری سەرکی بەڵگەنامەکە بریتییە لە بڕدوامبوونی خەبات دژ بە گەندەڵی،سەرکردایەتی چین گەندەڵی بە هەڕەشەیکی جدی دەزانێت بە سەر متمانەی دامەزراوەیی، دیسپلینی ڕێکخراوەیی و پێوەکردنی کاریگەری دەسەڵات، بۆیە بەڵگەنامەکە جەخت لەسەر پاراستنی هەوەستەکی توند دژ بە گەندەڵی دەکاتەوە لەگەڵ بەهێزکردنی چاودێری بەسەر بکارهێنانی دەسەڵاتدا،ئەو ڕێبازەی کە لە بڕیارنامەکەدا هاتووە لە سنووری لکێنەوە لە کەسە تاکەکەسییەکان تێپەڕ دەبێت،هێروهها جەخت لەسەر باشترکردنی میکانیزمە دامەزراوەییەکان، بەهێزکردنی ڕەساکان، نەهێشتنی یاسا شاردراوەکان و چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخانەی دەکاتەوە کە ڕێگە بە سەرهەڵدانی سەرپێچی دەدەن، بەڵگەنامەکە چەند لایەنێکی

دەستنیشان دەکات: پاراستنی چاودێری تونـد، بەهێزکردنی بناغەی دامەزراوەییەکان ، باشترکردنی میکانیزمە خۆپارێزییەکان، دنیابوون لەوەی کە هاوسەنگی دیسپلین بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ دەکرێن، ئەمە هەنگاوەی بنەمایەکی گرنگی حوکمانییە: بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی تەنها پێویستی بە سزاندان نییە دوای ڕووداتی پێشێلکارییەکان، بەڵکو پێویستی بە دامەزراوەیەک هەیە کە بتوانێت هەڵگری لە سەرپێچی بکات پێش ئەوەی قووڵ بێتەوە، بە ئەو وێنە و ناوچانەی کە بەدوای باشترکردنی بارودۆخی گشتیدان، پێویندیدار سیاسەتە بەردەوامکانی دژ بە گەندەڵی پێویستیان بە هەڵسەنگاندنی شەفاف، چاودێری کاریگەر، بەرپرسیارێتی دامەزراوەیی و جێبەجێکردنی هاوسەنگ هەیە، بەپێی ڕوونکردنەوەکەی شی، بەهێزکردنی حوکمانی حزب پێویستی بە پەیوەری بەرزتر هەیە لە هەڵبژاردن، ڕاهێنان، بەڕێوەبردن و چاودێریکردنی بەرپرسانەدا هەروەها بانگەواز بە باشترکردنی تواناکانی پیشەیی ئەوان و دنیابوون لەوەی کە دەتوانن بەرپرسیارێتییەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ بکەن دەکات،ئەم هەنگاوە دیسپلینی سیاسی بە کارایی کارگێڕی دەبەستێتەوە،لە هەر سیستەمکی حوکمانیدا، کوالێتی سەرکردایەتی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکان هەیە بەرپرسیارێتی لاواز،چاودێری بەتوانا، هەڵسوکەوتی کارگێڕیی ناسەقامگیرەکان دەتوانن تەنانەت ستراتیژە گرنگپێدانییە باش داڕێژراوەکان تێکبشکێنن،کەواتە جێختکردنەوەی چین لەسەر دیسپلینی فەرمی هەنگاوەی هەوڵەکە بە بەستنەوەی بەرپرسیارێتی هێکخراوەیی بە ئامانجە فراوانکانی گرنگپێدانی نیشتمانییەوە، بەگەنامکە هەروەها جەخت لەسەر گرنگی ناوەندگیری دیموکراسی،هێکارکانی بەیاردانی ناوخۆیی، بەرپرسیارێتی ڕوونتر لەناو تیمکانی سەرکردایەتیدا دەکاتەوە،ئەم توخمە وەک میکانیزمێک بە باشترکردنی هەماهەنگی هێکخراوەیی و دنیابوون لەوەی کە بەیارکان بە شێوەیەکی یەکگرتوو جێبەجێ دەکرێن پشکش دەکرێن.

یاساکانی دامەزراوە و حوکمانی درێژخایەن

یەکێک لە گرنگترین لایەنکانی بەیارنامەکە جەختکردنەوەیە لەسەر دامەزراوەیی کردنەوەی حوکمانی حزب لە هەگبەی هاوساکان و میکانیزمە دامەزراوەییکانەوە،لە جیای ئەوەی تەنها پشت بە هەنمایی سیاسیان هەمەتی کاتی ببەسترێت، بەیارنامەکە داوای بەهێزکردنی چوارچێوەی هێکخستن، باشترکردنی جێبەجێکردن، دنیابوون لەوەی کە یاساکانی دامەزراوە هێزیان لەدەگیرێت لە ئاستێ جیاوازە هێکخراوەییکاندا دەکات،ئەمە هەنگاوەی تگەیشتنکی فراوانتر

لە گۆشەپەدانی دامەزراوەیی: حوکمەانی بەردەوام پەویستی بە بەرپرسیارەتی هەوون، هەکاری دامەزراو، چاودەری کاریگەر، میکانیزم هەیە کە بە تەپەبوونی کات بەردەوام بن لە کارکردن، بەگەنامەکە هەروەها پەویستی کردەی هەماهەنگ لەسەرانسەری هەکخراوە حزبییە ناوەندی و خەجییەکاندا پەشنیار دەکات کە دیسپلینی دامەزراوەیی نەک تەنها وەک بەرپرسیارەتی سەرکردایەتی باڵا دەبینرەت، بەکو وەک ئەرکەکی هەکخراوەیی کە بە درەژایی سیستەمەکە درەژدەبەتەوە، بە چیەن کە مەدەرنکردنی نیشتمانی گەانکاری گەورەی ئابووری، تەکنەلەجی و کەمەایەتی لەخە دەگرەت.

حوکمەانی و بەرنامەی مەدەرنکردنی چین

بەگەنامەکە خەبەسوەبەری حزب ەاستەوخە بە ئامانجە درەژخایەنەکانی مەدەرنکردنی چینەوە دەبەستەتەوە، چەندین ئاستەنگ دەستنیشان دەکات کە هەووەوی وەات دەبنەوە، لەوانە نادڵنیایی نەودەوەتی، گەانکاری تەکنەلەجی، گەانکاریەکان لە هاوسەنگی دەسەاتی جیهانیدا، ناهاوسەنگیەکانی گۆشەپەدانی ناوخەیی، پەویستی باشترکردنی حوکمەانی کەمەایەتی، سەرکردایەتی چین دەەت" کە توانای حزب بە چاودەریکردن، چاکسازی و بەهەزکردنی خەی نزیکەوە بەستراوە بە توانای وەات بە پاراستنی گۆشەپەدانی سەقامگیر و بەردەوام، ئەم پەیوەندییە گرنگە بە تەگەیشتن لە مەدەلی سیاسی و گۆشەپەدانی چین، بەرنامەی مەدەرنکردنی وەات تەنها وەک بەرنامەیەکی ئابووری پەشکەش ناکرەت، بەکو بەستراوە بە توانای دامەزراوەیی، هەماهەنگی هەکخراوەیی، سەرکردایەتی سیاسی، و توانای وەامدانەوە بە ئاستەنگەکان.

هەرەمی کوردستان دەتوانەت چی لە ئەزموونی چین فەر ببەت؟

بە هەرەمی کوردستانی عەراق، ئەزموونی چین لە چەندین بواردا شایەنی لەکەینەوەن، بە تایبەت لە بواری پەشخستنی دامەزراوەیی و بەهەوبردنی گشتیدا، بەراوردکارییەکە دەبەت سیستەمە سیاسییە جیاوازەکان، هەکخستنە دەستووریەکان، بارودۆخە مەژووییەکان، و پەکهاتە کارگەییەکانی چین و هەرەمی کوردستان هەچاو بکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەندەک ئاستەنگی حوکمەانی پەیوەندیدارن بە هەردوو ژینگەکەوە.

یەکەم: بەهەزکردنی دامەزراوە گشتیەکان پەویستی بە بەرپرسیارەتی هەوون و چاودەری کاریگەر هەیە، دامەزراوەکان کاریگەرتر دەبن کاتەک بەرپرسان بەرپرسیار دەبن بەرامبەر بەیارەکانیان و کاتەک هەکارە کارگەییەکان بە بەردەوامی جەبەجە دەکرەن

دووەم: بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەبێت شتێکی زیاتر لە لکێنەوە لە کەسە تاکەکەسییەکان لێخۆ بگرێت، میکانیزمە خۆپارێزییەکان، شەفافیەتی دامەزراوەیی، چاودێری سەربەخۆ، جێبەجێکردنی هاوسەنگی نێوان بە هەمان شێوە گرنگن
سێیەم: گەشەپێدانی درێژخایەن پێویستی بە بەردەوامیە لە پلانی ستراتیژیدا، هەماهەنگکردنی ئابووری، گەشەپێدانی ژێرخان، پەروەردە، پشکنینی تەکنەلۆجی ناتوانن تەنها پشت بە بەرچاووونیە سیاسیەکانییەکان ببەستن
چوارەم: باشترکردنی کارایی کارگێڕی پێویستی بە وەبەرهێنان لە لێهاتووبی پیشەیی، هەماهەنگی دامەزراوەیی، پەرەپێدانی سەرکردایەتییەکی لێهاتوو و بەرێوەبردنی گشتی هەیە
ئەم پێشنیار نیە بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سیستەمی سیاسی چین لە هەرەمی کوردستاندا، بەڵکو ئەو بوارانە کە ئەزموونی دامەزراوەیی چین دەتوانێت بۆشداری لە گفتوگۆ فراوانەکاندا بکات سەبارەت بە حوکمەانی، بەرپرسیارێتی و گەشەپێدان.

وانگیەکی فراوانتر لەسەر ڕێبازی حوکمەانی چین
ووبەرنامەکەی "شی جینپینگ"، سەبارەت بە بیارنامەکە تەواینەکی گرنگ لەسەر لێپشینەکانی سەرکردایەتی سیاسی ئێستای چین، پێیامە سەرەکیەکەی ئەویە کە دیسپلینی حزبی، چاودێری ناوخۆیی، خەبات دژ بە گەندەڵی، ڕێساکانی دامەزراوە، چاکسازی ڕێکخراوەیی تەوخمی بیەکەوە بەستراوی ستراتیژیکی حوکمەانی درێژخایەنن،گرنگی ئەم ڕێبازە لەوەدایە کە دانی بەوەدا نا کە گەشەپێدانی نیشتمانی زیاتر لە سامان و سەرچاوەی ئابووری و پێژەی مەزن دەوڵەت، هەروەها پێویستی بەو دامەزراوانە هەیە کە بتوانن سیاستەکان جێبەجێ بکەن، بەرپرسیارێتییەکان بەڕێوەبەرن، کەموکوتییەکان چارەسەر بکەن، و کاریگەری ڕێکخراوەیی بپارێزن، بە هەرەمی کوردستان، دەرفەتێکە بە لێکێنەوە لەوەی چۆن دیسپلینی دامەزراوەیی، بەرپرسیارێتی کارگێڕی، پلانی درێژخایەن دەتوانن بۆشداری بکەن لە بەهێزترکردنی حوکمەانی و گەشەپێدانی بەردەوام، ، بەرنختترین وانە ئەویە کە هەزی هەر ستراتیژیکی گەشەپێدان تەنها بەستراو نیە بەو دیدگایەی لە پشتیەوەیتی، بەڵکو بەستراوە بە توانا دامەزراوەییەکە بە گەیینی ئەو دیدگایە بە ئەنجامی پراکتیک.

سەرچاوە:
Explanation of the Resolution of the Central Committee of the Communist Party of China on Certain Major Issues concerning

Persevering with Full and Rigorous Party Self-Governance
https://english.www.gov.cn/news/202611/01/content_WS6ae714d1c6d00ca5f9a0e03b.html

---

مشتومەی لەسەر "پێشمەرگە".. عوسمانی حاجی مارف

ترسی بارزانی لە گوشارەکانی بەغدا بۆ سەر سنوردارکردنی چەکداری لەوەوێیە کە بە یەکێک لە ئاڵۆزترین پرسەکان و کارەکانی عەلی زەیدی دەبینێت بۆ سەر ئایندەی حکومەتی هەرێم، چونکە وەک هێشتا بۆ سەر ئاسایشی هەرێم و ئایندەی پێشمەرگە دەیخوێنێتەوە. جگە لەوەی وەها خەیان دەبینێنەوە کە لە هاوکێشەیەکی ئاڵۆزدا گیریان کردووە، گوایە زەیدی داخوازیەکانی کوتلە شیعەکان و حساباتی هەڵە سیاسیەکان و ناکۆکیە ناوخۆییەکانی لایەنە کوردەکانی تێکەڵ کردووە، مەترسی ئەوەیان هەیە لە ئایندەیەکی خوازراودا، هاوکات یان بەدوای سنوردارکردنی هەڵمەتەکانی حەشدی شەعبی، زەیدی حساباتێك بۆ مامەڵەگەڵ چەکدارەکانی بارزانی و تاڵەبانیشدا بکات.

هەزی پێشمەرگە بۆتە خاڵی مشتومڕی سەرەکی لە هەوڵەکانی دەوڵەتی عێراق بۆ سنوردارکردنی چەک، ئەمڕۆ بەدوای ئەودا دێت کە هەڵمەتەکانی حەشدی شەعبی مەرجیان بۆ ئادەستکردنی چەکەکانیان دیاریکرد بەرامبەر بە هەر ڕێکەوتنێک لەگەڵ حکومەتدا بۆ دامەزێنی چەك. یەکێك لە مەرجەکان ئەوەیە کە دەبێ هەڵمەتەکانی پێشمەرگەش بشێک بێت لە هەمان پرۆسەی دامەزێنی چەکداری. ئەمڕۆ هاوکات بوو لەگەڵ فشارە سیاسیەکانی "چوارچێوەی هاماهەنگی" کە داوایان دەکرد هەموو پێکهاتە چەکدارەکان بخرێنە ژێر دەسەڵاتی فەرماندەی گشتی هەڵمەتەکانەوە و چەك تەنها لای دەوڵەت بێت.

ئەم داواکاریانە تاقیکردنەوەیەکی هەستیار دەخەنە بەردەم حکومەتی هەرێم، بە لەبەرچاوگرتنی نزیکی ڕووی لە دەستووری عێراقدا کە پێگە و دەسەڵاتەکانی پێشمەرگە پێناسە بکات و ڕێکخات، هەروەها بەردەوامی دابەشبوونی ئیداری و دارایی و سەربازی لە نێوان بارزانی و تاڵەبانیدا، سەرەڕای ڕاگەیاندنی فەرمی یەکخستنی هەڵمەتەکانیان لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە، بەڵام لەباری عەمەلیەوە

جگە لە نمایشێک هیچ هەنگاوێکی یەکخستووی نیشان نەداوە و بەشیان ناکرێت.
هەبەتە پلانی بەرتەسکردنەوەی چەک و ئادەستکردنی بە دەوڵەت، وەک سیاسەتی ئەمریکا لە بەرامبەر حکومەتی عێراقدا، بە پلەی یەکەم لایەنگرانی حەشدی شەعبی سەر بە ئێران دەکاتە ئامانج، کە لەژێر چەتری ئاوەی بە "بەرخودانی ئیسلامی لە عێراق" ناسراون و چالاکی دەکەن، بریتین لە کەتایبی حزبوللا، کەتایبی نوجەبا، کەتایبی سەید شوهەدا و (ئەنسار الله الاوفیە).
زیدی لە مانگی ئایاری ٢٠٢٦دا، نیازی حکومەتەکەی بە دامەزینی چەک لە سەرجەم کوتلە چەکدارەکان و نەهێشتنی هەر چەکەک لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت ڕاگەیاند، هاوکات هەموو پەکهاتە سەربازی و ئەمنیەکانی عێراقی خستە ژێر دەسەڵاتی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە. سەرەتا کەتایبی مانگی ئەیلولی ٢٠٢٦ی وەک دوا وادەی چەکدامەزینی کوتلە چەکدارەکانی عێراقی دەستنیشان کرد، بەڵام لە نێو ئاو مشتومڕی دەوروبەری ئاو پرسە، بەیاریدا ئاو وادەیە بە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٧ دوابخرێت.
بەهەی ئاوەی هێزەکانی سەر بە حەشدی شەعبی، یەکەك لە مەرجەکانی ئادەستکردنی چەکەکانیان، هاوکات چەکدامەزینی هێزی پێشمەرگەیە، بۆیە گفتوگۆکەی لە پرسی کوتلە چەکدارەکانەوە گواستەوە بە سروشتی هێزەکانی سەر بە هەرەمی کوردستان و پێگەی یاسایی و سەربازیان.
داواکاری چەکدامەزینی هێزی پێشمەرگە وەک مەرجێک تەنها پێویست نیە بە بارودۆخی کوتلە چەکدارەکاندانەوە، بەڵکو هێزە سیاسیەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی، وەک هەوڵێک بە گوشار خستنەسەر حکومەتی زیدی بەکاری دەهێنن، بەئاوەی پلانەکانی چەکدامەزین سنوردار بکەن، تا ئایندەی ململانێی ئەمریکاو ئێران بە شوێنێک دەگات. ئاو هێزانەی چوارچێوەی هەماهەنگی هەوەستیان لە پێویند بە چەکدامەزێنەوە لەسەر ئاو بنەمایە دامەزراندووە کە دەبە قەرخکاری دەوڵەت بەسەر چەکدا هەموو گروپە چەکدارەکان بگرێتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە هێندێک لایەن هەوەدەدان، ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە بە لاوازکردنی حکومەتی هەرەم، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئاو دابەشبونە سیاسیە توندەی نێوان بارزانی و تاڵەبانی.
هێزی پێشمەرگەی یەکێتی و پارتی، شەرعیەتی خۆی لەسەر بنەمای یاسای ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠٠٧ داناوە، تایبەت بە وەزارەتی پێشمەرگە، کە لە پەرلەمانی هەرەمەوە پەسەند کراوە، ئەم یاسایە پێشمەرگە وەک دەسەڵاتێکی شەرعی و فەرمی پێناسە دەکات، ئەرکی "پاراستن و بەرگریکردن" لە هەرەمی پەسپێردراوە!، هەروەها هاوکاری حکومەتی فیدرالی بکات لە بڕگەدا لە پاراستنی ئاسایش و سەروەری عێراق!

بەناو هێزە سیاسیە شیعەکان لە بەغدا، بەشێوەیەکی جیاوازتر لە هێزی "پێشمەرگە" دەوانن و زیاتر وەک پێکهاتەی حزبی دەزانن، تا ئاوەی هێزێکی سەربازی یەکگرتوو لەژێر دامەزراوەیەکی فەرمیدا بێت. بەکردەوە و لە واقعیشدا هەردوو بارزانی و تالەبانی بەو هێزە پارێزگاری لە پێگەو دەسەڵاتی خۆیان دەکەن، ئاستێ هەر خۆیان بەناوەی دەبەن و سەرپەرشتی دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە بەشێک لە هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی، داواکارن کە پێشمەرگە بخرێتە ژێر پەسەی چەسپاندنی چەک، لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا، هاوشێوەی گروپەکانی حەشدی شەعبی، بەم شێوەیە گورزێک لە پێگەی بارزانی و تالەبانی ئەدەن.

گومانی تیا نیە کە بارزانی و تالەبانی، نیگەرانن لە مشتومڕو بانگەوازی چەکدامالینی هێزەکانیان. هەروەها بە نەبوونی بڕیارێکی ڕوون بە پێشمەرگە لە دەستووری عێراقدا، ئەو نیگەرانیانەی زیاترکردووە، چونکە دەستووری عێراق بگرێیکی دیاریکراوی سەبارەت بە بوونی هێزی پێشمەرگە و سروشتی کارکردنیان، یان دەسەڵاتکانیان لەخۆناگرێت، بەمەش پێگەی یاسایی ئەوان لەناوان ململانێی سیاسی نێوان بەغدا و هەولێر دەهێڵێتەوە.

هەبەتە ڕەگ و ڕیشەی دابەشبونی هێزکانی پارتی و یەکێتی مێژوویەکی کۆنی هەیە، لە هەمانکاتدا هەر لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو، شەڕی ناوخۆیان هەڵگیرسان و هەرەمی کوردستانیان بەشکرد بە دوو ناوچەی دەسەڵات، هەریەکەیان دەسەڵاتێکی حزبی و بنەماڵەیی بە هێزی چەکداری خۆی بەهێزەوە دەبات. هەر ڕێکەوتنێکیان لەهەر دوورێکەدا کردبێ، بەڕەام دوو هێزی پێشمەرگە بە دەستلێنەدراوی ماونەتەوە. لەباری عەمەلیەوە، پێداگریان لەسەر پاراستنی هێزەکانیان کردوە، لە ترسی ئەوەی دەستبەرداربونیان لە هێزەکەیان، ئەگەری ئەوە دەهێنێتە پێشەوە کە بارزانی یان تالەبانی، بتوانیا کۆنتڕۆڵی هەرەم بکات و بە زەر پێگەو نفوزی خۆی بسەپێنێت بەسەر لایەنەکەی دیکەدا!

لەگەڵ هەر ململانێ و ڕێکەوتنێکی نێوان بارزانی و تالەبانیدا، یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە ڕاگەیاندنێکی فەرماڵیە، چونکە ئەستا ئایندەی هێزی پێشمەرگە تاادەیەکی زەر پەیوەستە بە هەڵوەست و بڕیارەکانی عەلی زەیدی و حکومەتی عێراقەوە، ئەمەش لەلایەک بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فشارانەی کە لەلایەن هێزەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی و هێزەکانی حەشدی شەعبیەوە دروست دەکرێن، لەلایەکی تریشەوە ماملەکانی ئەمریکا لەبەرامبەر پێکهاتەی حکومەتی هەرەم و پەیوەندیانە بە حکومەتی عێراقەوە.

لەم دۆخەی ئەستادا کە ناوچەکە لە ئایندەیەکی نادیاردا ڕاگیراوە،

هەزی پشمەرگە نەک هەر پێویستە بە بیارەکی حکومەتەوە لەسەر چەکداماڵین یان داشتنەوەی، بەڵکو لەگەڵ قیرانەکی دەستووریشدا گرەدراوە، کە سااڵنەکە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، لەهەمانکاتدا ئایندەی حکومەتی هەرەم و دەسەاتی بارزانی و تاەبانی، لە دەخەکی ئاەز و نادیاردا ململانێ دەکات، لە چاوەوانی یەکلاییبونەوەی ئەو دەخەدا وەستاون و خەشیان نازانن چارەنوسیان بە چی دەگات و چیان بەسەر دەت. لە حاەتەکی بنبەستدا چاوەروانی گەرانکاریەکان دەکەن و ناتوانن بەدەوری خەیان ئایندەیەکی رەشن دیاری بکەن، چونکە زەحمەتە بە ئایندەی بارزانی و تاەبانی بەبە بونی هەزی چەکداری تایبەت بەخەیان بتوانن دەسەاتەکیان بپارەزن!.

عوسمانی حاجی مارف

مەژووی برادەست؛ مەژوویەکی بزرە.. دیمانەی هەمەن عەلی لەگەڵ مام عیسا سەودین

عیسا سەودین: «پەم وایە بەشکی گرنگ لە مەژووی برادەست بە ویژدانەوە نەنووسراوەتەوە»

عیسا سەودین، نووسەر و تەمارکەری بیرەوەرییەکانی برادەست، لە گوندی بانەی ناوچەی خواکوەک لەدایک بووە. ژیانی بە کەچ و ئاوارەیی، خوەندن و کارکردن تەپەیو؛ سەرەتا لە کوردستان و دواتر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

لە منداەیدا وەک فەقە دەستی بە خوەندن کردووە، بەاڵم نەیتوانیوە تەواوی بکات. لە سااەنی هەشتاکاندا، دوای ئەوەی ژەمەی بەعس گوندنشینانی ەاگواست، لەگەڵ خەزانەکەی چووەتە ناوچەی دەگەڵ و لەوێ بەوانامەی پەلی شەشی سەرەتایی وەرگرتووە.

دوای کەچەوەکەی سااەی ١٩٩١، لەگەڵ خەزانەکەی ەووی لە باکووری

کوردستان کردووە و لەو فەری نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی بووە. پاشان، لە چوارچێوەی بەرنامەی نیشتەجێکردنەوەی پەنابەراندا، گواستراوەتەوە بۆ ئەمریکا.

لە ئەمریکا بەشداریی لە بەرنامەکانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی و خۆگونجاندن لەگەڵ کەلەگەی نوێدا کردووە و بە خێرایی فێری زمانەکە بووە، بەڵام بەهۆی بەرپرسیارێتیی خێزان و بەخێوکردنی شەش منداڵەوە، نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات.

دواتر ڕووی لە خوێندنی پیشەیی کردووە و بڕوانامە و مەدالیاتی لەخوێنی بارهێنگری قورس و ترێلەی وەرگرتووە. زیاتر لە دە ساڵ لەو پیشەیەدا کاری کردووە و کەمپانیای تایبەتی خۆشی دامەزراندووە.

ئێستا خانەنشینە و بەشێک لە کاتەکانی لەگەڵ خێزانەکەی بە گەشتوگوزار و شاخەوانی بەسەر دەبات. هاوکات، بەردەوام لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی منداڵی و ڕووداوە مێژوویییەکانی ناوچەی براددەست.

عیسا سەودین پێی وایە بەشێک لە مێژووی براددەست و ئەزموونی خەڵکی ئاسایی ئەو ناوچەیە بە تەواوی تۆمار نەکراون، بۆیە هەوڵ دەدات بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆی و ئەو گەشتوگوزانەی لە نزیکەوە پێش خۆی بیستوونی، بەشێک لەو مێژووە بپارێزێت. لە نووسینەکانیدا باسی ناکۆکییەکانی نێوان هێزە سیاسی و خەڵکییەکانی ناوچەکە، ئاوارەیی و ڕووداوە خوێناوییەکانی ساڵانی شەستەکان دەکات و دەڵێت لە منداڵیدا شایەدی تەپباران و گیانلەدەستدانی خەڵکی ناوچەکە بووە.

ئەم دیمانەیە بیرەوەری و بۆچوونەکانی مام عیسا سەودین لەبارەی هەندێک لە ڕووداوە مێژوویییەکانی براددەست دەخاتەڕوو. بەشێک لە زانیارییەکان لەسەر ئەزموونی ژیاستوخۆی خۆی و بەشێکی دیکەیان لەسەر گێڕانەوەی کەسانی دیکە بنیات نراون. ئەو بانگەشە مێژوونووسانەی جێی مشتومڕن، لایەن ئامادەکارەی دیمانەکەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ پشتڕاست نەکراونەتەوە.

مێژوو و بیرەوەرییەکانی براددەست

هەمەن: مام عیسا، ساڵانێکی زۆر خەریکی نووسینەوەی مێژوو و بیرەوەرییەکانی براددەستیت. چی وای لە کردیت کە ئەو ڕووداوانە تۆمار بکەیت؟ مەبەستت پاراستنی مێژووە لە لەبیرچوونەوە، یان

دەتوانت نموونەکانی داهاتووش لەو ئەزموونانە وانە وەربگرن؟

مام عیسا: ئاستیەکی، ماوەیەکی زۆر بوو بیرم لەم بابەتە دەکردەوە و چاوەڕوانی بووم نووسەرێک هاوداوەکانی ئەو دۆڕە وەک خۆیان و بە لایەنگری تەمار بکات، بەڵام کەسم نەبینی بە ئاستگەیی دەست بداتە نووسینەوەی ناکۆکییە خەڵکی و بنەماڵەیی و شەخایەتییەکانی ئەو ناوچەیە.

من خۆم بە نووسەر نەدەزانی و نیازیشم نەبوو ئەو هاوداوانە بنووسمەوە، بەڵام کە بینیم کەس ئەم ئەرکە ناگرێتە ئەستۆ، خۆم بە ناچار زانی. هەستم کرد ئەرکێکی ئەخلاقی و پەیوستە لەسەرم، کە لانیکەم بەشێک لەو هاوداوانە بە نەوەی ئەمڕۆ بگەمەوە و نەهێم ئەو ئاستیانە بە هەڵە و بە پێچەوانەوە بگەنە گوێی ئەو کەسانەی شارەزای ئەو هاوداوانە نین.

بە بۆچوونی من، دوای گەڵانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە لە ساڵی ١٩٥٨، بەشێکی زۆر لە هاوناکبیران و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان پشتیوانییان لە هەڵوێستەکانی ئەو کرد. لە دیدی منەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی هەندێک لەو خەڵە و هەزانەی لەگەڵ ئەو هەزانەدا نەبوون، بە دڕی کوردایەتی ناوزەد بکرێن. پەم وایە خەڵکی برادەستیش بەهۆی ئەو ناکۆکییە مێژوویییانەوە هاوبەشووی ناڕەوایی بوونەتەوە و لە گەڵانەوە باوەکانی مێژووداجە بە بەشێک لە ئەزموون و ئازارەکانیان نەکراوەتەوە.

هەمن: مام عیسا، لە نووسینەکانتدا ئاماژەت بە ناکۆکییە مێژوویییەکانی نێوان بارزان و هەندێک لە خەڵە و بنەماڵەکانی برادەست کردووە. بەپێی ئەو سەرچاوە و گەڵانەوانەی پشت پێ بەستوون، هۆکار و پاشخانی ئەو ناکۆکییانە چی بوون؟

مام عیسا: بەپێی ئەوەی بەم گەڵدراوەتەوە و ئەو زانیارییانەی لە کەسانی شارەزای ئەو سەردەمە وەرمگرتوون، ناکۆکییەکان پەیوەندییان بە دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانەوە هەبووە، بەتایبەتی لە نێوان شێخ ڕەشید لەلانی و شێخ ئەحمەد بارزانی. بەپێی ئەو گەڵانەوانە، شێخ ئەحمەد بارزانی دەستپێشخەری ناکۆکییەکان بووە.

وەک بەم گەڵدراوەتەوە، ناکۆکییەکان لە پایزی ساڵی ١٩٢٩دا توندتر بوونەتەوە، ئەویش دوای ئەوەی چوار چەکدار بە سەرپەرشتیی مەلا لەڵەی هاتبوونە گوندی بانەی خواکوک و داوای «شانەیی»یان کردبوو، واتە دەیکی داهاتی جوتیاران. جوتیارانی گوند پێشتر زەکات و سەرفیترەی

خەیان ناردبووە خانەقای شێخ ڕەشید لەلانی، بۆیە، وەک بەم باس کراوە، توانای ئەوەیان نەبوو دژیەکەکی دیکەش بدۆزنەوە لایەنگری تر.

لە گۆڤارەکەدا هاتووە کە نێردراوەکان هەڕەشەیان لە جوتیاران کردبوو و داوایان لە کردبوون دژیەکەکە بدۆزن. جوتیارانیش ئەو چوار کەسەیان بە نانی نیوەڕۆ بانگهێشتی ماڵی شەمەد کردبوو و، وەک دەگێڕنەوە، کاتێک هاتبوونە ژوورەوە، چەکەکانیان لە سەندبوون. باپیرم، حەمەد خەما، یەکێک بوو لەوانەی بەشداریان لەو ڕووداوەدا کردبوو.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە خەزانەکەم و خەڵکی ئەو سەردەمەوە وەرمگرتوون، لە هاوینی ساڵی ١٩٣٠دا ناکۆکییەکان گەیشتوونەتە قۆناغێکی خوێناوی. لە گۆڤارەکاندا هاتووە کە مەلا مستەفا بارزانی و حەمەد ئاغای مەرگەسۆری، لەگەڵ نزیکەی حەفتا تا هەشتا چەکدار، ڕوویان لە ناوچەکە کردووە. هەر بەپێی ئەو گۆڤارانەوانە، لە گوندی ئەلموشە هەڕشەک کراوە و تێیدا نزیکەی چواردە تا پازدە جوتیار کوژراون یان بریندار بوون. خەزانەکەم دەگێڕنەوە کە باپیرم حەمەد خەما و مامم عەبدوڵڵا حەمەد لە نێو بریندارەکاندا بوون.

وەک بەم گۆڤارەتەوە، ناکۆکییەکانی نێوان بارزان و لەلان تا ١١ی ئازاری ١٩٧٠ درێژەیان کێشاوە.

تێپەڕانی برادەست لە ساڵی ١٩٦٥
هەمن: مام عیسا، لە بیرەوەرییەکانتدا باسی تێپەڕانەکی ناوچەی برادەست لە ساڵی ١٩٦٥دا دەکەیت، ئەو کاتەی خۆت هێشتا منداڵ بوویت. دەتوانیت بەمان بگێڕیتەوە ئەو ڕۆژە چیت بە چاوی خۆت بینی و ئەو ڕووداوە چۆن لە یادتدا ماوەتەوە؟

مام عیسا: بەڵێ. لە منداڵیدا کوێکی سەرمێ و بزمو بووم و کەمێک منداڵی هاوتەمەنم لە دەوروبەر هەبوون. ئێوارەیەک لەگەڵ منداڵێکی دیکە شەمان بوو. لەو کاتەدا دایکم و چەند ژنەکی دیکەی خزم خەیان ئامادە دەکرد بچن بۆ بڕی بزنان. دایکم بەهەی ئەو شەوە هات، شۆڤ زللەیەکی لەدام، ڕایکشام و لەگەڵ خۆی بردمی بۆ لای بزنەکان.

کە بڕی بزنەکان تەواو بوو و ژنەکان ویستیان بگەڕێنەوە ماڵەوە، دایکم نەیهێشت لەگەڵیان بگەڕێمەوە و پێی گوتم: «دەبێت لەگەڵ بزنان، لەگەڵ ڕەسوڵ سەفی و سەمەد مهاجیر، بمێنیتەوە.» منیش ناچار لەبەر بزنەکان ماموە. ڕەسوڵ سەفی نزیکەی ساڵێک لە من گەورەتر

بوو و سەمەد مهاجیریش تەمەنی چواردە پازدە ساڵێک دەبوو.

بزنەکانمان بردە خوار، بۆ سەروکانیی دیانا. درەنگانی ئێوارە، هەندێک لە چەکدارەکانی سەفی هاتبوونەوە سەر ئاوەکە و خەریکی نوێژی عەسر بوون. لەناکاو گرمەی هاوەنێک هات. چەکدارەکان بە ئەمەی منداڵیان گوت: «بۆ ڕاکردن بچنە سەر گردەکە و تەماشا بکەن، بزانن لە کوێ دەدات!» لەبیرمە یەکێک لەو چەکدارانە سەفی عیسا نەبی سەمان کانیەڕەشی بوو.

کە چوونە سەر گردەکە، بینیمان تۆز لە ماڵەکانی ئەموێ بەرز دەبووەوە. یەکسەر هاوارم کرد: «وەڵا، لە ماڵی ئەمەی دا!» هەر ئەو دەمە چەکدارەکان نوێژەکەیان بڕی و بە پەلە بەرەو سەنگەرەکانیان گەڕێشتن. من و هەسوێ و سەمەدیش بزنەکانمان دایە پێش خەمان و بە ڕاکردن بەرەو ماڵەکان گەڕاینەوە.

پێش ئێوەی بگەینەوە ناو ماڵەکان، کەریم مهاجیر، برا گەورەی سەمەد، گەیشتە لامان. کەمێک پشوومان دایەوە و وامانزانی کەریم لەگەڵمان دەمەنێتەوە، بەڵام ئەو بە من و هەسوێی گوت: «بڕۆن بزنان بەرەڵا بکەنە ناو ماڵەکان و خۆشتان بڕۆن بۆ خانەقای حاجی محەمەد هەشید لەلانی، لە ناو مەکتەبی سەرەتایی دیانا.»

شەو بەسەرماندا هاتبوو و ئاگر بروسکەی هاوێنباران نەبوایە، هیچ هووناکییەکمان نەدەبینی. بزنەکانمان لە ناو ماڵەکان بەرەڵا کرد و بە پەلە بەناویاندا ڕۆیشتین. لەو کاتەدا هاوێنێک کەوتە ناو کەپرێک و کەپرەکە ئاگری گرت. من و هەسوێ ئەوەندە شڵەژابووین کە ئیتر ئاگامان لە گرمە و تەقینەوەی گوللە هاوێنەکان نەما و بە ڕاکردن چوونەوە ناو ماڵەکانمان.

کە گەیشتینەوە، کەمێک تەرمی کوژراوانمان بینی کە لەوە مابوونەوە. خەڵک سەریان لە شۆابوو و بەناو ماڵەکاندا ڕایان دەکرد. لەو هەراوهوریایەدا کەس ئاگای لە کەسی دیکە نەبوو. بەنی خۆن و باروت مەشکمانی پێ کردبوو. هیچ کەسێکی ساغی خەزانەکەی خەمانمان نەدەزیەوە، بۆیە بە ڕاکردن هووماں کرد دیانا.

کە گەیشتینەوە ناو ئاسپێندارەکانی دەو ئاو، چەند کەسێکمان بینی کە خەریکی یارمەتیدانی بریندارەکان بوون و کەمێک تەرمیشیان لە لای خۆیان دانابوو. بانگیان کردین و گوتیان: «کوڕە، وەرنە ئێرە! مەڵێن، دەکەونە بەر تەپەکان!» بەڵام من و هەسوێ گوێمان نەدایە بانگەکیان و هەر بە ڕاکردن بەرەو قوتابخانەی سەرەتایی دیانا و

خانەقای لەلان ەەیشتین.

کە گەیشتینە نزیک قوتابخانەکە، هاوڕێک لە پێشمانەوە تەقیەوە. لەگەڵ گرمەی تەقینەوەکەدا، هەستم بە سەروو کوتە سەر زەوی. وامزانی مردووم و منیش لە ترسان بە پێلە ڕامکرد. لەناکاو گوم لە دەنگی هەستم بوو کە هاواری دەکرد: «عیسا، ڕاوەستە! ڕاوەستە تا منیش پێت بگەم!» ئاوڕم دایەوە و بینیم هەستم. ئیتر نەمپرسی بۆچی کوتبووە سەر زەوی و چی بەسەر هاتبوو.

پێکەوە گەڕاینەوە ناو دارە ئەسپیندارەکانی دەو ئاو. یەکێک لەوانەی پێشتر بانگیان کردبووین هات، ملی گرتین و پێی گوتین: «لەرە دابنیشن، پاشان ئەمە دەتانبەینە خانەقا.» نزیکەی کاتژمێر یازدە تا دوازدەی شەو، هاوڕێبارانەکە خاو بووەوە و ئەو کەسانە من و هەستیان بردە خانەقا.

کە گەیشتینە ئەوە، یەکێک ملی گرتین و بردینی بە ناو ژوورێک. ژوورەکە پڕ بوو لە منداڵانی وەک ئەمە، کە لە خزانەکانیان دابڕابوون. ئەو شەوە هیچ منداڵێک خەوی لێ نەکەوت. زۆربەیان تا بەیانی دەگریان و دەنگی هەڵسکیان بەرز دەبووەوە. برسی و ترساو، بێ نان و ئاو، تا شەوی دووەم لەو ژوورەدا ماینەوە.

شەوی دووەم دیسان هاوڕێبارانە دەستی پێکردەوە. لەبیرمە هاوڕێک کوتە ژوورێکی تەنیشت ژوورەکەمان و ژوورەکەی ئەمە پڕ بوو لە تاز و دووکەڵ. قیژە و هاواری منداڵان بەرز بووەوە.

بەپەی ئەو زانیارییانەی دواتر لەبارەی ئەو ڕووداوەوە بەم گەڕاوەتەوە، هەڵمەتکانی سەر بە مەلا مستەفا بارزانی هەرشیان بردووەتە سەر دیانا و پێکدادانەکان گەیشتوونەتە ناو ماڵی مەسیحییەکان. لە گەڕانەوەکاندا هاتووە کە چەکدارانی برادەست بانگی یەکێتیان کردووە و هەواڵیان داوە بەرپەرچی هەرشەکە بدەنەوە. هەروەها گوتراوە کە هەرشەکە شکێنراوەتەوە و هێزی دواتر هێندێک لەو شوێنانەی هاوڕێیان لێوە دەهاوێژرا، کوتوونەتە دەست چەکدارانی برادەست.

بەداخەوە، بەپێی ئەو ژمارەیەی لە گەڕانەوەکانی خێکی ناوچەکەدا باس دەکرێت، لە شەوی یەکەمی هاوڕێبارانەکەدا ١٣١ ژن و منداڵ گیانیان لەدەست داوە و سەدان کەسی دیکەش بریندار بوون یان تووشی ترس و شۆک بوون. من خەم ناتوانم ئەو ژمارەیە بە شەوێکی سەربەخۆ پشتڕاست بکەمەوە، بەڵام ئەوەی بۆ چاوی خەم بینیم، دیمانەی

قوربانییان و ئازاری خەڵکی ئەو ناوچەیە بوو.

هەژی سەیەم باپیرم هاتە ئەو ژوورە، من و هەسوێی دەزیەوە و لەگەڵ خۆی بردینیەوە. بەداخەوە، ئەو منداڵیی پێش ووداوەکە شەڕی لەگەڵ کردبووم، لەگەڵ چواردە منداڵی دیکەی هاوتەمەن و هاوڕێم، لە هاوینبارانی شەوی یەکەمدا گیانیان لەدەست دابوو. بەپێی ئەوەی لە خزانکانەوە بیستووم، لە ماڵی نەبی شەشەیش کەس دەرباز نەبووبوو.

ئەو ووداوە لە یادم ناچێتەوە. ئەگەر کتێبێکی تەواویشی لەسەر بنووسم، هێشتا هەست دەکەم ناتوانم هەموو ئەو ئازار و کارەساتە وەسف بکەم.

هەمن: مام عیسا، لە گەڵانەوکانتدا باس لە قوربانیبوونی ژن و منداڵ و خەڵکی مەدەنی دەکەیت. ئایا هیچ زانیاریەکت لەبارەی ناو و ژمارەی قوربانیەکان هەیە؟ چ بەڵگە، سەرچاوە یان شایدیەکی دیکە دەتوانێت یارمەتیی پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە بدات؟

مام عیسا: بەڵێ، بەگومان هێشتا کەسانێک ماون کە شایدی ئەو ووداوە بوون و دەتوانن باسی ئەوە بکەن کە بینیویانە. بەداخەوە، بە بۆای من، هەندێک لە خزم و کەسوکاری قوربانییان هێشتا لە باسکردنی ئەو ووداوانە دەترسن.

بە نموونە، دەتوانرێت پرسیار لە هەسوە سەفی یەحیا بکرێت، کە لەو ووداوەدا لەگەڵ من بوو. کوڕەمامێکی هەسوە کە هاوتەمەنی من بوو، گیانی لەدەست دا. باوکی هەسوەیش بە سەختی بریندار بووبوو و دەست و قاچەکانی زیانی زەریان پێ گەیشتبوو. ئەوەی لەبیرم بێت، نزیکەی سێ مانگ لە نەخۆشخانەی کەماریی هەولێر چارەسەر کرابوو و بەشێکی لەشی لە گەچ گیرابوو.

من ئەو کات منداڵ بووم و ناوی هەموو قوربانییان نازانم، بەڵام ناوی ژمارەیەکیانم لەبیرە و هەندێک زانیاریی دیکەشم لەبارەیانەوە هەیە.

هەمن: لە گەڵانەوکانتدا باس لە ووداوە خوێناوییەکانی ناوچەی برادەست دەکەیت. بە بۆای تۆ، چۆن دەتوانرێت لە ڕێگەی هەزە جیاوازەکان لەو ووداوانەدا بکەڕێتەوە و ئەو بەشەی مەژوو بە شێوەیەکی بێلایەن و دادپەروەرانە بنووسرێتەوە؟

مام عیسا: بە بۆای من، لە مێژووی سیاسیی کورددا زۆرجار ناوی شۆش و ئازگاریخوازی و کوردایەتی بە مەبەستی دەسکەات و بەرژەوەندی بەکار هێنراوە. من ڕەخنەم لەو سەرکردایەتی و هێزانە هەیە کە بە ناوی ماف و ئازادییەوە خەڵکی ئاسایان تووگلاندووەتە ناو ناکۆکی و شەڕکانەوە.

لە دیدی منەوە، شەڕشی ڕاستەقینە دەبێت لەسەر بنەمای پەروەردە، زانست، دادپەروەری و خزمەتی گشتی بنیات بنرێت، نەک تەنها لەسەر بنەمای چەک و هێزی سەربازی. هێروەها پێم وایە دەبێت مێژووی کورد بە شێوەیەک بنووسرێتەوە کە دەنگی قوربانییان و خەڵکی ئاسایی جگەی خۆی تێدا هەبێت، نەک تەنها گەورانەوەی سەرکردەکان.

هەمن: ئایا هیچ هەوڵێک دراوە کە مێژوونووسان یان دامەزراوەیەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوانە بکەن؟ حەز دەکەیت چی لەبارەیانەوە بە نەوەی نوێ ڕوون بکرێتەوە؟

مام عیسا: بەداخەوە، بە بۆای من، لە مێژووی سیاسیی کورددا هەندێک ڕووداو بە شێوەیەکی تەواو و بۆلایەنانە تۆمار نەکراون. پێم وایە هەندێک نووسەر و ڕوونەاکبیر بەهۆی پەیوەندیی سیاسی، بەرژەوەندیی یان ترسەوە نەیانتوانیوە بە ئازادی لە هەموو ڕووداوەکان بکۆڵنەوە. ئەمە بەچوونی منە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ هەیە.

پەیامم بە نەوەی نوێ ئەوەیە کە چاوپێشی لە هەڵە و ناڕەواییەکانی ڕابردوو نەکەن، چونکە پێم وایە ئەگەر وانە لە ڕابردوو وەرنەگرین، هەمان هەڵەکان لە داهاتوودا دووبارە دەبنەوە. پێویستە گەنجان بە دیدێکی ڕەخنەگرانە مێژوو بخوێننەوە، بیرگە و سەرچاوە جیاوازەکان بەراورد بکەن و هیچ کەسێک تەنها بەهۆی ناو و پۆگەی سیاسی یان خەڵکییەوە لە ڕەخنە و لێپرسینەوە بەدەر نەزانن. بە بۆای من، ئازادی و دادپەروەری تەنها بە ڕاستگۆیی، زانست و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بەدەست دێن.

بەدەنگیی سیاسیی ئەمە
هەمن: مام عیسا، لە ڕابردوودا بە ئاشکرا ڕەخنەت لە سەرکردایەتیی سیاسی و عەشیرەتی گرتووە، بەڵام ئەمە کەمتر لەبارەی سیاسەتی ڕۆژانەوە دەدوێیت. هۆکاری ئەم گۆڕانە چیە؟ ئایا بۆیارت داوە زیاتر خەت بە نووسینەوەی مێژوو تەرخان بکەیت؟

مام عیسا: لە ڕاستیدا، تەنانەت لە ئاوارەییشدا بەهۆی نووسین و

دەربەینی بەچوونەکانمەوە چەندین جار تووشی سەرئێشە و گیروگرفت بووم. سەرەتای ئەو هەموو کات و شوێنخووڕییەی بە نووسین و وەرگێڕانم تەرخان کردووە، هەندێک جار ئەو خەڵکانەی هەست دەکەم مافەکانیان پێشێل دەکرێن، لە جیاتی ئەوەی سوود لە وەرگێڕان وەربگرن، وەرگێڕان بە دوژمنی خۆیان دەزانن.

ئێستا تەمەنێکم بەسەر بردووە و کەمێک کێشەی تەندروستیشم هەیە، بۆیە هەندێک جار خەم لە نووسینی وەرگێڕانی سیاسی دوور دەخەمەوە، تاکو خەم و کەسانی دیکە تووشی بێزەکەوتن و دڵتەنگی نەکەم. بەڵام ئەمە بە مانای وازهێنانم لە نووسین نییە؛ هێشتا بەردەوامم لە نووسینەوەی کورتە بیرەوەرییەکان و کەرکردنەوەیان لە فایلەکانمدا.

چەند جارێکیش هەوڵم داوە نووسینەکانم لە کوردستان چاپ بکەم، بەڵام تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووم. بە بۆای من، ترس و هەستیاریی سیاسی لە هەکارەکانی ئەوە بوون کە هەندێک کەس نەیانوێراوە ئەو نووسینانە چاپ بکەن.

هەمن: ئایا بەدەنگیی سیاسیی ئەمەت بە مانای دوورکەوتنەوە لە سیاسەت، یان هێشتا هەمان هەڵوێست و بۆچوونت هەیە، بەڵام پەت وایە نووسینەوەی مێژوو کاریگەرییەکی درێژخایەنتری هەیە؟

مام عیسا: چەند ساڵێک لەمەوبەر پێستەکی کورت و پەندئامێزم نووسیبوو و تێیدا گوتبووم: «من و سیاسەت، کوجا مەرحەبا! دەڵێی لە خەودا کەوتووەتە ژوورەکی پە لە کەو و گامێشی شاخدرێژ و قەچۆشن.»

مەبەستم ئەوە بوو کە سیاسەتی ئەم سەردەمە زەرجار لەگەڵ ئاستگەیی و هوونیدا یەک ناگرێتەوە. من وەرگێڕم لەو سیاسەتمدارانە هەیە کە بەرژەوەندیی تایبەتی لەسەرووی بەرژەوەندیی گشتییەوە دادەنێن و لەگەڵ بە دەنگە وەرگێڕکان نادەن.

بۆیە، پەم وایە مێژوو پێویستی بە لێکۆڵینەوەی دوورمەودا، پاراستن و گواستنەوە بە نەوەی نوێ هەیە. بۆیە ئێستا کاتی زیاتر بە کەرکردنەوە و لێکخستنی زانیاری و بیرەوەرییەکانم تەرخان دەکەم و چاوەڕێی دەرفەتێکم بۆ چاپکردنیان.

هەمن: دوای ئەو هەموو ساڵە لە نووسین و گۆڤارەوانی هوودا مێژووییەکان، ئایا هیچ کاتێک هەستت کردووە کە خەڵک بە هەڵە لە

ڕەخنە سیاسییەکانت تێگەیشتوون، یان ئەو ڕەخنانە بوونەتە هۆی فشار و ناڕەحەتی بۆت؟

مام عیسا: بەگومان، زۆرجار بەهۆی نووسین و دەربڕینی بۆچوونەکانمەوە تووشی ئازاری دەروونی و ناڕەحەتی بووم. دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە من ڕقم لە هیچ مرۆڤێک نییە و ڕەخنەکانم لەسەر بنەمای دوژمنایەتیی کەسی نین.

زۆرجار لە نووسینەکانمدا گوتووم کە خۆ و بنەماڵە نابێت لەسەرووی دادپەروەرییەوە دابنرێن. بەڵام هەندێک کەس، کاتێک ڕەخنە لە کەسپەرستی و دەسەڵاتپەرستی دەگرم، وا دەزانن مەبەستم تەنها ئەوانن. لە ڕاستیدا، مەبەستم ڕەخنەگرتنە لەو بیرکردنەوەیەی کە ڕێگە لە پرسیارکردن و ڕەخنەی ئازاد دەگرێت و دەبێتە بەربەست لەبەردەم دادپەروەری و مافی گشتیدا.

مژوو و نەوەکانی داهاتوو

هەمن: مام عیسا، ئایا پێت وایە مژووی برادەست بە شۆڕشگێڕی تۆاو و دادپەروەرانە نووسراوەتەوە، یان هێشتا زۆر ڕووداو و دەنگی قوربانی هەن کە نەگێشتوونەتە دەست خوێنەران؟

مام عیسا: بە بۆای من، ناکۆکییەکانی نێوان بارزان و لاڵان نزیکەی چل و یەک ساڵیان خایاندووە. لەو ماوەیەدا، بەپێی ئەو گەڕانەوانەی لە ناوچەکەدا هەن، ژمارەیەکی زۆر خەڵک بوونەتە قوربانی و وێرانی و ئاوارەییەکی بەرفراوان ڕوویداوە.

پێم وایە سەرکردایەتییەکانی هەردوو لا بەرپرسیارێتیی مژووییان لە ئەستۆیە و پێویستە بە شۆڕشگێڕی سەربەخۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکان بکرێت. بە بۆای من، خەڵکی ئاسایی زۆرترین زیانیان لەو ناکۆکییانە بینیوە، بەڵام دەنگ و ئەزموونی ئەوان وەک پێویست تۆمار نەکراوە.

ئەگەر ئەمڕۆ پرسیار لە سەرکردە خەڵکی و سیاسییەکانی ئەو ناوچەیە بکرێت، لەوانەیە زۆربەیان نەتوانن ناوی دە قوربانیش بە دروستی بهێنن. ئەمەش بە بۆای من نیشانەی ئەوەیە کە پێویستە کارێکی جدی بۆ تۆمارکردنی مژووی قوربانییان بکرێت.

هەمن: ئەگەر ئەمڕۆ ڕووبەڕووی نەوەیەکی گەنجی کورد ببیتەوە کە زانیارییەکی کەمی لەبارەی ڕووداوەکانی ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانەوە هەیە، گرنگترین پەیامت بۆ ئەو نەوەیە چی دەبێت؟

مام عیسا: پەیامم بۆ گەنجان ئەوەیە کە هەوڵ بدەن خەیان پەبگەیەنن و کاتی خەیان بەفیڕۆ نەدەن. پەویستە لە تەگەی زانست و زانیاریەوە شارەزای مافەکانی هاوڵاتیبوون و بابەتەکانی ئایین و ژیان و سیاسەت ببن و خەیان بیار لەسەر ژیانی خەیان بدەن. نابەت بۆ ئاسانی شوێنی پەوپاگەندە و کەسانی بەرژەوەندیپەرست بکەون و ببنە ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجی کەسانی دیکە.

لە سەردەمی ئێستادا کات زۆر بەنرخە. هەندێک گەنج چەندین کاتژمێر لەسەر تەڤگەکەمانیەتییەکان بەسەر دەبەن، بۆ ئەوەی سوودێکی ئاستەقینەیان لە وەربگرن. بە بۆای من، ئەمە جۆرێکە لە بەفیڕۆدانی کاتی گرانبەهای ژیان.

هەمیشە کەس و لایەنی بەرژەوەندیپەرست هەن کە هەوڵ دەدەن کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی کەمەگا، بۆتایبەتی گەنجان، دابنێن. بەڵام گەنجێکی هۆشیار، زانستدۆست و تەخنەگر بە ئاسانی هەڵناخەڵەتێنرێت و نابێتە ئامراز بۆ بەرژەوەندیی کەسانی دیکە.

هەمن: لە کۆتاییدا، مام عیسا، ئایا هیوای ئەوەت هەیە تەژێک هەموو ئەو بیرۆڕی و بۆچوونە مێژوویانەی کەت کردوونەتەوە، لە کتێبێکی تایبەت بە مێژووی برادەستدا بۆاو بکەیتەوە؟

مام عیسا: بەڵێ، هەندێک جار کار لەسەر ئەو نووسینانە دەکەم. دەمەوێت لەگەڵ بابەتە مێژوویەکاندا، بەشێک لە کەلتوور و ژیانی گوندنشینان و جوتیارانی ناوچەی برادەستیش کە بکەمەوە.

ئەگەر دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخسا لە کوردستان چاپیان بکەم، دەیانکەمە کتێبێکی ئەلیکترۆنی بە شێوەی PDF و لەسەر ئینتەرنێت بۆاویان دەکەمەوە. هیوادارم هەندێک لە پەژنامە ئازادەکانیش سوود لەو نووسینانە وەربگرن و یارمەتی بدەن ئەو بیرۆڕیانە بگەنە دەستی خوێنەران.

شەمعی سەرگەردان. شاعیر: ئیسماعیل نەواب سافی. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شەهلا نووری

لە خودا دەخوازم
بە دەخوازی خۆم بمرم،
واتە تە ببینم و
دواتر بمرم.

ئەو شەونمە پاکەم کە لە گوڵزاری سروشتدا،
لەناکاو هاتمە بوون،
لەناکاویش بمرم.

ئەی عیشق!
لە گیانی من و دەی ماندووم چیت دەوێ؟
لەمگەڵە،
بەم خەمە گیانسڕەوە بمرم.

لە دڵی تەمانی پە لە پێچ و خەمدا،
گومانم بەسەر بردووە و
گومڕا بمرم!

شەمعم من و
ڕووی تە ئومێدی سەحەرم،
مەهەڵە بە دیداری سەحەرگە بمرم!

دەیگوت سافا:
زیندووی جاویدان منم، من،
ئەڕە کە بە دەخوازی تە،
ئەی مانگ، بمرم…

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شەهلا نووری